گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 04/05/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 25/08/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/03/2026
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/2366qc74

# ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ناوچەی پشدەر لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٨٩)

قادر محمد محمد[١] - صادق ابراهيم محمدصالح[٢]
Sadiq.ibrahim1933@gmail.com qadir.muhammed@uor.edu.krd
[١+٢] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

کاری ڕێکخراوەیی و ڕێکخستن بە بەشێکی خەباتی سیاسیی و نهێنی حزبەکانی باشوری کوردستان لە نیوەی دوەمی سەدەی (٢٠)دا دادەنرێت، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیش وەک حزبێکی سیاسیی ئەم قۆناغە یەکێک لە پایەکانی مانەوەی ڕێکخستنەکان بون، کە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی چەکداریی لە سەرەتای چارەگی کۆتایی سەدەی (٢٠)دا، هاوشان لەگەڵ ڕەوتی چەکداریی ڕێکخستنەکان پێکەوە ڕۆڵی گرنگیان گێڕا.

پشدەر وەک ناوەندێکی جوگرافی و بەرزی هەستی نەتەوەیی بەشێک لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی هاریکارێکی باش بون بۆ گەشەکردن و سەرکەوتنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، کە ئەودەم لە ناوچە سنورییەکانی ئەو ناوچەیە بارەگا و سەرکردایەتی لێ کۆببۆوە، یارمەتییەکانی دانیشتوانی ناچەکە چ لەڕوی ماددییەوە بێت، یان لە ڕوی مەعنەوەییەوە، کاریگەرییەکی باشی هەبو لەسەر سەرکەوتنی کۆی پرۆسەی کاری ڕێکخراوەیی و چەکداریی، کە ناوکی شۆڕشی ئەو قۆناغەیان پێکدەهێنا.

ڕێکخستنەکانی پشدەر بەهۆی شوێنی جوگرافییەوە لە زۆربەی قۆناغەکانی ئەو ماوەیەدا کە ئێمە کارمان تێداکردوە ڕۆڵی کارایان لە جموجۆڵە سیاسیی و نارەزایەتییەکان، بەتایبەت ڕاپەڕینی (٢٤ی نیسانی ١٩٨٢) قەڵادزێ گێڕاوە، تەنانەت یارمەتیدەرێکی باشی هێزی پێشمەرگەبون لە کۆکردنەوەی خۆراک و داودەرمان و گەیاندنی پەیام و نامەکانی ناوچەکانی دیکە بە ناوەند، بەتایبەت دوای قۆناغی ئەنفالەکان و سستبونی کاری ڕێکخراوەیی لە شارەکاندا بە هۆی زۆری فشارەکانی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم، ئەوا ئەوان بونە گرێدەرەوەی هێڵە پچڕاوەکان لە نێوان سەرکردایەتی و ناوەندی کۆمەڵە لەگەڵ شارە دابڕاوەکاندا.

لێرەدا دەپرسین ڕۆڵی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی پشدەر لە یارمەتیدان و سەرخستنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا چیبون؟ ئەرک و چالاکی ڕێکخستنەکان لە ماوەی (١٩٧٥-١٩٨٩)دا چیبون؟

لەم توێژینەوەیەدا بۆ ساغکردنەوەی ڕوداوەکان پشت بە میتۆدی وەسفی – شیکاری بەستراوە، بە پشت بەستن بە مێژوی زارەکی.

**کلیلە و وشەکان:** ڕێکخستن، پشدەر، کۆمەڵەی ڕەنجدەران، کاری نهێنی، شۆڕش.

# Organizations of the Kurdistan Laborers Association in Pshdar area during 1975-1989

**Qadir Muhammad Muhammad [1] - Sadq Ibrahim Muhammed salih Abdurahman[2]**

[1+2] Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Ranya, Kurdistan region, Iraq.

**Abstract:**

In the second half of the last century, organizational activity and arrangement were considered as a part of the political and secret struggle for the parties in South Kurdistan. The organization of the Toilers of Kurdistan, as a political party at this stage, was one of the backbones of the organization's survival, which, together with the armed movement, played an important role after the armed revolution at the beginning of the 20th century’s last quarter.

Pishdar, as a geographical center and a part of its social composition that had high national feelings, helped the development and success of the Kurdistan liberation movement, in which its base and presidency were in the border areas. The community’s assistance, in terms of economic or spiritual, had a good effect on the success of the entire process of organized and army activity that formed the core of the revolution of that period.

Pishdar organizations, due to Pishdar’s geographical location, played an active role in political movements and protests, especially in the uprising of Qaladze on April 24, 1982. They also helped the Peshmerga forces in collecting food, medicine, and conveying messages of the other areas to the center, especially after the Anfal period and the slowdown of organized activity in the cities because of the pressure from the regime's oppressive institutions, they then become the link between the leadership and center of Komala and the isolated cities.

What is the role of Kurdistan Laborers Association in Pishdar region in helping and strengthening Kurdistan libration movement? What were the actions of the organization during (1975 - 1989)? In this research, we depend on descriptive and analytical methods for the sake of documentation of the events, oral history has been used.

**Keywords**:Organization, Pishdar, Organization of the Toilers of Kurdistan, Secret Working, Revolution.

## پێشەکی

کۆمەڵەی مارکس لینینی کوردستان-ئەندێشەی ماو تسی تۆنگ، وەک یەکێک لە باڵەکانی نیمچەبەرەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لەدوای ساڵی (١٩٧٦)ەوە ڕۆڵی گرنگی لە شۆڕشی کوردستان لە دژی حکومەتی عێراق لە باشوری کوردستاندا گێڕا، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی چەکداریی لەلایەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە لە ناوەڕاستی (١٩٧٦) ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بونە پایەیەکی بەهێزی ئەم خەباتە، و پاڵنەرێکی کردەیی بۆ هێزی پێشمەرگە و داینەمۆی شۆڕش، پشدەر وەک ناوچەیەکی جوگرافی و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵ و کاریگەریی گرنگی گێڕا لە برەودان بە خەبات، شانە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە بونە یارمەتیدەرێکی ڕاستەقینە چ لە بواری ماددی یان مەعنەوی دا، ئەمەش پەیوەندی بەو هەڵکەوتە جوگرافییەوە هەیە، کە ناوچەکە هەیەتی و نزیکە لە سەر سنوری ئێران و لەم کاتەشدا

سەرکردایەتی شۆڕش کەوتبوە دەڤەرەکە ئەمە لەلایەک، لە لایەکی ترەوە، پەیوەندی بەو هەستە نیشتمانیی و بەرخۆدانەوە هەیە، کە بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە بۆ بەگژداچونەوەی ستەمکاریی ڕژێم هەیانبوە.

لەم توێژینەوەیەدا دەپرسین کاروکردەوەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە چیبون؟ ئەو هۆکارانەی بونەتە بەهێزبونی تەوژمی بڵاوبونەوەی بیری کۆمەڵە لە ناوچەکەدا چیبون؟ بۆچی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردو بە چالاکترین ماوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە پشدەر دادەنرێت؟ ڕۆڵی پشدەر و پشدەرییەکان لە دوای قۆناغی ئەنفال و ئەو دۆخە سەختەی بەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا هات بەتایبەت دوای کۆتایی هاتنی شەڕی (عێراق-ئێران) چیبوە؟ڕۆڵی پشدەرییەکان بۆ بەیەکەوە گرێدانی شانە پچڕاوەکانی ناوەندی کۆمەڵە و ڕێکخراوی شارەکان چیبوە؟

بەگشتی توێژینەوەکە بەسەر سێ تەوەردا دابەشکراوە، تەوەری یەکەم سەرەتا و دامەزراندنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٨٠)دەگرێتەوە، تەوەری دوەم باسی باردۆخی ڕێکخستنەکانە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٥)، کە تیایدا باس لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە کراوە، کە بەچالاکترین ماوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناوچەکەدا دادەنرێت، تەوەری سێیەم، فراوانبونی کاروچالاکی ڕێکخستنەکانی پشدەری کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە نێوان ساڵانی (١٩٨٥-١٩٨٩) دەگرێتەخۆ.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە سەرەتاکانی بڵاوبونەوەی بیری کۆمەڵەمان لە پشدەر و ناوچەکە بۆ ئاشکرا دەکات، کە تاوەکو هەنوکە لە چوارچێوەی کارێکی زانستییدا ئیشی لەسەر نەکراوە، بە ڕونی نەزانراو بو، بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتن و گەڕان و مێژوی زارەکی ئەو مێژوەمان دەستنیشانکردوە، ئەمە جگە لەوەی چالاکترین قۆناغی ئەو ماوەیەمان دەستنیشانکردوە و تایبەتمەندیی و هۆکارەکانی ئەم گەشەکردنەمان خستۆتەڕو.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:** توێژینەوە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی لە ناوچەی پشدەر لە ماوەی (١٩٧٥-١٩٨٩) لەمەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەتاوەکو هەنوکە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی کار لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە، ئەمە جگە لەوەی پشدەر وەک ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و جوگرافی پشکی سەرەکی لە خەبات و بەرخۆدان لە ماوەی توێژینەوەکەدا بەردەکەوێت.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەسفی – شیکاری بەستراوە، بە پشت بەستن بە مێژوی زارەکی، بۆ ساغکردنەوەی ڕوداو و گۆڕانکارییەکانی پشدەر و ڕۆڵیان لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە (١٩٧٥-١٩٨٩)دا.

**ئامانجی توێژینەوە:**

١-گرنگییدانە بە ئاشناکردنی خوێنەر بەو قۆناغە مێژوییەی ناوچەی پشدەر و ڕۆڵی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە هاریکاریکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان.

٢-تیشکخستنە سەر ڕۆڵی پشدەرییەکان لەو ناوەندەدا بۆ بەیەکەوەبەستنی خەباتی شار و شاخ و گرێدانەوەی هێڵە پچڕاوەکان بە ناوەندەوە، بەتایبەت دوای پرۆسەی ئەنفال.

٣-ئاماژەدان بە هەمو ئەو ئەرکانەی ڕێکخستنەکان لەو قۆناغانەدا ئەنجامیانداوە.

**گرفتی بەردەم توێژینەوەکە:**

زۆربەی کات توێژەر لە ئەنجامدانی کارێکی زانستییدا بۆ دەرخستنی زانیاری و دروستی ڕوداوە مێژوییەکان و گەیشتن بە ڕاستییەکان ڕوبەڕوی چەند ئاریشەیەک دەبێتەوە، کە ڕێگەکەی سەختتر دەکەن، لەوانە کەمی سەرچاوەی نوسراو لەسەر بابەتەکە، بەشێک لەوانەی لەناو ڕوداوەکان بون و بەرپرسی ڕێکخستنەکان بون لە ژیاندا نەماون، هەوڵدراوە لە ڕێگەی کەسانی نزیک و هاوڕێکانیانەوە بگەین بە زانیارییەکان، ئەمە جگەلەوەی بە هۆی ڕاگواستن و توندیی سیاسەتی

ڕژێم زۆربەی ئەو دیۆکۆمێنت و نامە و بەڵگەنامانەی هەبون دەربارەی چالاکییەکان فەوتاون، یاخود لەلایەن ئەندامەکانەوە لە ترسی ڕژێم لە ناوبراون، ئەگەر ئەمانە بەردەست بونایە توێژنەوەکە دەوڵەمەندتر دەبو.

**تەوەری یەکەم: سەرەتا و دامەزراندنی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە دەڤەری پشدەر لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٨٠)**

لەژێر کاریگەری فکری مارکسیزمدا لەناوچەکە، کە ئەوکات لە لوتکەی گەشەکردندابو (کۆمەڵەی مارکس لینینی - کوردستان)[١] لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠ دامەزرا (جەلال،٢٠١٢: ٢٢) ، سەرهەڵدانی ڕێکخراوێکی چەپی لەم شێوەیە دەرهاویشتەی ئەو پێشهاتە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیانە بو، کە ناوچەکەی بەگشتی و کوردستانی باشوری بەتایبەتی گرتبۆوە(سالح،٢٠٢١: ١١١)، لە دوای دامەزراندنی کۆمەڵەوە ئەم بیروبۆچونەش وردەوردە لە ڕێگەی جیاوازەوە لە ناوچەکانی کوردستاندا و لەوانەش لە دەڤەری پشدەردا[٢] بڵاوبۆوە، بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستە، چونی کۆمەڵێک قوتابی بۆ شارەکانی کۆیە و سلێمانی بۆ مەبەستی خوێندن، دواتر گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکە دەکرێت بە سەرەتا بڵاوبونەوەی ئەم بیرە دابنرێت، لە قۆناغەکانی داهاتوشدا هەریەک لە پەیوەندی هاوڕێیەتی و دۆستانە، لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانی شاخەوە، گەنجانی ناوچەکە ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەم هزرە نوێیەدا پەیداکردوە (نورەدین،٢٠١١: ٦٢٢) یەکێک لەو خوێندکارانەی پشدەر کە لە ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ خوێندویەتی ناوی (عەبدولڕەحیم عەبدوڵا عەبدولڕەحیم)ە[٣]، لەساڵی (١٩٧١-١٩٧٢) خوێندنی تەواو کرد، لەو کاتەدا لە ڕێگەی هاوڕێیەکانیەوە بیری کۆمەڵەی وەرگرت و کاتێک گەڕایەوە شارۆچکەی (سەنگەسەر)[٤] کاریگەریی لە سەر هاوڕێکانی دروستکرد، هەرچەندە عەبدولڕەحیم لە ساڵی (١٩٧٢) وەک کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان، باڵی جەلالی، لە سنوری سەنگەسەر دەست بەکاربو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بەنهێنی هەڵگری بیری چەپ بو، لە سەروبەندی نسکۆی شۆڕشی ئەیلولدا وەک زۆرێک لەلایەنگرانی پارتی چوەتە ئێران، بەڵام لە (١٩ی نیسانی١٩٧٥) بۆ سەنگەسەر گەڕایەوە و پەیوەندی بە هاوڕێیانی پێشوی کردەوە و لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕش بە ڕێبەرایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی (١٩٧٥) چالاکی ڕێکخستنەکانی لە چوارچێوەی بیری چەپدا دەستپێکردەوە، و پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی کۆیە و ڕانیەدا بەست (حسێن، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، لێرەوە ڕایەڵەیەکی پەیوەندی لە نێوان سەنگەسەر و ڕانیە و کۆیەدا دروست کرد، بە لێپرسراویەتی عەبدولڕەحیم ڕێکخراوی (ئاگری) دامەزرا، کە لە "عەبدولڕەحیم عەبدوڵا، مەحمەد حاجی ڕەسوڵ، وریای مام قادر لە ڕانیە، ئاودێر لە کۆیە، حاجی قەرە و عەزیزی مەلا ئەمین "پێکهات، یەکەم کۆبونەوەیان لە (١٢ی تەمموزی١٩٧٦) لە خرکالەی لای بێتوشان بو(حەمەبۆر، ٢٠١١: ١٣٢)، کە سنوری چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە ناوچەی پشدەر و بەشێکی بیتوێن و کۆیەی گرتەوە و ڕۆڵێکی کارای لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کۆمەڵەدا گێڕا (ئەسەسەرد،٢٠٢١ :١٤٣٤)، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە زیاتربون، لەدوای چونەدەرەوەی (عەبدولڕەحیم) لەساڵی (١٩٧٨)، (وریاسور)[٥] ئەرکی سەرپەرشتی هێڵەکەی گرتەئەستۆ، بێگومان دوای هاتنی پۆستەکان لە ناوەندی کۆمەڵەوە لە خڕی نێوزەنگەوە بۆ سەنگەسەر و لەوێوە بۆ شارەکانی دیکە، لەوانە بۆ ڕانیە لە ڕێگەی وریاوە، بۆ کۆیە لە ڕێگەی ئاودێرەوە و بۆ خەلەکان لە ڕێگەی عەبدوڵای مەلا سەلیمەوە نێردران (قەرە، چاوپێکەوتن:٢٠٢٥)، ئەوەتا کاوسێن بابەکر ئاماژەی بەوە کردوە، کە دوای بڵاوبونەوەی دەنگۆی دامەزراندنی یەکێتی و سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ لەگەڵ کەمالی ئامۆزای پەیوەندییان بە عەبدولڕەحیم سەنگەسەریەوە کردوە، "دیاربو ئەو[عەبدولڕەحیم]، لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەوە پەیوەندی هەبو"(نورەدین،٢٠١١: ٥٠)، جیا لەوە هەڤاڵ کوێستانیش نوسیویەتی "عەبدولڕەحیم یەکێک بوە لە کادیرە ڕۆشنبیر و زۆر چالاکەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە، بەتایبەت لە سنوری پشدەر و

سەنگەسەر"(کوێستانی، ٢٠١٧: ٨٤)، هەمو ئەم ئاماژانە دەرخەری ئەوەیە کە (عەبدولڕەحیم عەبدوڵا)ڕۆڵی هەبوە لە بڵاوکردنەوە و گەشەکردنی هزری کۆمەڵە لە ناوچەی پشدەر بە گشتی و شارۆچکەی سەنگەسەر بەتایبەتی، هەربۆیە دەگونجێت (عەبدولڕەحیم) بە یەکێک لە کەسە یەکەمینەکانی بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵە لە ناوچەی پشدەردا هەژمار بکرێت.

لە ڕاستیدا ئەو ڕوداوانەی لە ئەیلولی (١٩٧٥) ڕویاندا، کاریگەری خراپیان لەسەر تین و تەوژمی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شار و شارۆچکەکان دروستکرد، بەتایبەتیش چونی ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە بۆ ئێران لە (١٤ئەیلولی ١٩٧٥)، کە پێکهاتبون لە (شەهاب شێخ نوری، جەعفەر عەبدولواحید، عەلی مەحمەد قادر، عومەر سەید عەلی و فەرەیدون عەبدولقادر)، دەستگیرکردنیان لە شەوی(١٨-١٩ی ئەیلولی١٩٧٥)، دواتر ڕادەستکردنەوەیان لە (٣١ی کانونی یەکەمی١٩٧٥) بە حکومەتی عێراق (عبدالقادر،٢٠٢٠: ٢٣٦-٢٤٦؛ جەلال، ٢٠١٢: ٢١)، هەتاڕادەیەک دۆخی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی تێکدا و ئەندامان کەوتنەبەر هەڕەشە و ڕاوەدونان و دەستگیرکردن، تەنانەت هەندێکیان ناچار بە خۆشاردنەوەبون(ئەمین(١)،١٩٩٧: ٤٩)، بەڵام دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکان لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٧٥) و سەرەتاکانی (١٩٧٦) لەلایەن شاسوار جەلال(ئارام) سەرپەرشتیار، سالار عەزیز سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی سلێمانی، ئازاد هەورامی سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی کەرکوک، عەبدولڕەزاق سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی هەولێر، مەلا بەختیار سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی خانەقین و بەغداد، ژیانی ڕێکخراوەیی کۆمەڵەیان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە گواستەوە، و توانیان لە ماوەیەکی کەمدا ڕێکخستنەکان یەکبگرنەوە و پەیوەندی و ڕایەڵە دروستبکەنەوە، چالاکییەکانیان دەستپێبکەنەوە(ئەمین، ٢٠١٦: ١١٤-١٢٠).

بێگومان لە دوای دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکان جارێکی دیکە گڕوتینی ڕێکخراوەیی لەنێو ئەندامانی کۆمەڵە پەرەیسەند و چالاکییە جۆربەجۆرە نهێنییەکانیان لە ناوچەکەدا هەستپێکرا، بەتایبەت دوای دامەزراندی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی لە (حوزەیرانی ١٩٧٦) بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانیی وەک (الشراره[6]، ڕێبازی نوێ[7]و هەواڵنامە[8]) بڵاوکرانەوە و کادیرەکانی کۆمەڵە کاریان بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ ناو ڕیزەکانی حزب کرد و هەر لەو قۆناغەدا بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، کە بەزمانی عەرەبی بو لەلایەن (عەبدولڕەحیم عەبدوڵا)ەوە لە سەنگەسەر بەشێوەیەکی نهێنی بڵاوکرایەوە (ئالی، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤)، (عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا) هەر بەمە نەوەستا، بەڵکو پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ (فاروق ئەحمەد عەلی)[9] لە شاری قەڵادزێ بەست، بە بەردەوامی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی مارکس -لینینی و بەیاننامە و نوسراوەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی لە ڕێگەی ئەو ماتۆڕەی کە لەلایەن حکومەتەوە پێیدرابو دەگەیەنرانە فاروق ئەحمەد لە قەڵادزێ (حسن، چاوپێکەوتن،٢٠٢٤)، چونکە عەبدولڕەحیم لە فەرمانگەی کشتوکاڵی سەنگەسەر فەرمانبەری حکومی بوە، ئەمەش یارمەتیدەر بو بۆ ناسینی خەڵک لەلایەک و پەیوەندیکردن بە ئەندامان و گواستنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە لایەنگران لەلایەکی دیکەوە (عەبدولڕەحیم، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥)، پەیوەندی نێوان بەشێک لە ئەندامانی سەنگەسەر و قەڵادزێ، تەنانەت دوای چونی (عەبدولڕەحیم) لە ساڵی (١٩٧٨) بۆ شاخ و پەیوەندیکردن بە هێزی پێشمەرگەوە هەر بەردەوام بو، ئەوەتا حاجیە قەرە بەشێک لە ئەرکی بردنی پۆستەکان لە سەنگەسەرەوە بۆ قەڵادزێ ی گرتەئەستۆ، ڕادەستی (مەحمەد حاجی و حەسەنی حەمە فارس و عوسمانی مەلا حەمەدەمین)ی کردون(قەرە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

بەهۆی زەبروزەنگی ڕژێمی بەعسی حکومەتی عێراق ئەو قۆناغە سەردەمی پڕ نهێنی چالاکییەکانی کۆمەڵەی (مارکس -لینین)یە، هەر لەو سەر و بەندەدا چەند شانە و ڕێکخراوی نهێنی سەر بە کۆمەڵەی (مارکس -لینین) لە ناوچەکەدا

دامەزران، یەکێک لەو ڕێکخراوانە، گروپی 'ڕێبەندان – ڕیکخراوی ڕێبەندان'ە، کە لە شارۆچکەی سەنگەسەر دامەزرا(فەتحولا ، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤) بیرۆکەی دروستبونی ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەیەکگەیشتنەی هەر دو هاوڕێ (لەتیف عەبدوڵلا[١٠] و جەبار قادر) کاتێک لە ناوەڕاستی هاوینی (١٩٧٧) لە ئۆردوگای (بەستەستێن)[١١] یەکتریان دیتوە، و لەو کاتەدا (لەتیف عەبدوڵلا) پێشمەرگە بو و بە نهێنی دابەزیبوە ناو ئۆردوگاکە، لەو یەکتر بینینەدا (لەتیف عەبدوڵلا) داوای لە (جەبار قادر) کرد کە لە گەڵ هاوڕێکانیدا ڕێکخراوێک بە ناوی (ڕێبەندان) دروستبکات، لەپێناو ئەنجامدانی کار و چالاکی سیاسیی کۆمەڵەی (مارکس-لینین)ی کوردستان لە ناوچەکەدا (فەق، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٤)، وەک زانراوە ئەوکات کاری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی لێکجیانەکراوەتەوە، نەوشیروان مستەفا نوسیویەتی: "ڕێگەمان دابو هەموکادیرە سیاسیی و پێشمەرگەکانی یەکێتی هەرکەسە لە لای خۆیەوە چەندی لە تونادا بێ، کەسانی دڵسۆز ڕێکبخات و بەرەو ڕوی ناوەند یان دەزگا ڕێکخراوەکانی بکاتەوە"(ئەمین(٢)،١٩٩٧: ١٣)، هەربۆیە ئەوکاتە لەپێناو کۆکردنەوەی زانیاریی و هێنانە ناوەوەی خەڵک بۆ ناو ڕێکخستنەکان، پێشمەرگە ناوبەناو لە شاخەوە دابەزیونەتە خوارەوە و پەیوەندییان بە کەسانی متمانەپێکراو کردوە، ئەمەش ڕێگەپێدراو بو.

دواتریش لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٧٧) نەوشیروان مستەفا و جەلال تاڵەبانی نامەیەکیان ئاراستەی (ئیبراهیم جەلال) کرد، کە یەکێکە لە کادیرە کۆنەکانی کۆمەڵە، کە داوایان لێکرد بۆ دروستکردنی هێڵێکی پەیوەندیکردن بە سەرکردایەتیەوە بۆ ئەوەی چالاکییەکان توندوتۆڵتر بکەن، ئەمیش ڕێگەی (ڕانیە- سەنگەسەر- قەڵاتوکان و ئەبوبکرە)ی هەڵبژارد، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بە (حەمە مستەفا و حەمەی مەجید هاوار)کرد، هەر بۆیە ئەم هێڵی پەیوەندیکردنە کە بە ناوجەرگەی پشدەردا ڕەتبو هەتا مانگی (ئابی ١٩٧٨) زۆر چالاک بو(جەلال،٢٠١٢: ٢١١)، نەوشیروان مستەفاش ئاماژەی بەو ڕێگەیە کردوە و نوسیویەتی:"خەلیل جەلال و هاوار جەلال لە نزیک قەڵاتوکان بنکەیەکی نهێنیان دانابو، هەم ئازوقەیان بۆ ئەکڕین و بۆیان ئەناردین، هەم بەریدیان لەگەڵ ڕێکخستنەکانی شاردا بۆ دابین کردبوین، کاک ئیبراهیمی برا گەورەیان تەکبیری کردبو"(ئەمین(١)،١٩٩٧: ٣١١-٣١٢). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرکردایەتی یەکێتی لە هەوڵی ئەوە دابوە پەیوەندی بەو کەسانەوە بکات کە خەڵکی ناوچەکەن یان کەس و کاریان لە ناوچەی پشدەردا هەیە، بۆ ئەوە بتوانن لە ڕێگەی ئەوانەوە ڕێکخستنەکان پەرەیانپێبدرێت و پۆستە و ناردنی خۆراکیان بۆ شاخ بۆ مسۆگەر بکرێت، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە لەو قۆناغەدا پشدەر لەڕوی پێگەی جوگرافی و ماددی و مرۆییەوە گرنگی خۆی بۆ شۆڕش هەبوە.

لە دوای ئەم هەوڵانە شانە و هێڵە نهێنیەکانی کۆمەڵەی (مارکس -لینین)ی بەشێوەیەکی زیاتر لە جاران دامەزران و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەشێوەیەکی نهێنی گەشەیانکرد، یەکێک لە ڕێکخراوە سەرەتاییەکان کە لە ناوچەکەدا دروستکرا گروپی (ڕێبەندان)ە، وەک لە پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە لە سەرەتادا لەم کەسانە پێکهاتبو (جەبار قادر، جەلال عەبدوڵا، بەرزان فەتحوڵا، قادر سۆفی خدر، خالید مەحمەد و عەلی حەمە حەسەنە ڕەش)، بڕیاریاندا هەر یەکێکیان لە ئاست خۆیانەوە شانە دروستبکەن و پەیوەندی بە هاوڕێکانیان و کەسانی باوەڕپێکراوەوە بکەن، لە سەرەتادا پەیوەندییان بە لەتیف عەبدوڵاوە بو لە دەرەوە، بەڵام دوای گواستنەوەی لەتیف عەبدوڵا بۆ دەڤەری باڵەک پەیوەندییان بە (هاوار جەلال) کرد و چەند جارێک یەکتریان بینی لە سەر چۆنیەتی کار و چالاکییەکانیان گفتوگۆیان کرد(فەق، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤). لێرەوە وردەوردە ئەم ڕێکخراوە نهێنییە گەشەیکرد و ئەندامەکانی زیاتر بون، ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی پەیوەندی هاوڕێیەتییەوە بەتایبەت لە ناو ناوەندەکانی خوێندندا ئەوگەشەکردنە پەرەیسەند.

کاریگەرێی ئەم ڕێکخراوە تەنیا لە سنوری ناحیەی سەنگەسەردا نەمایەوە، بەڵکو گواسترایەوە بۆ شاری قەڵادزێ، بە پشت بەستن بەو میکانیزمی کارکردنەی کە هەر یەکێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکە پێویستە پەیوەندی بە هاوڕێکانیانەوە بکەن، لێرەوە (ئیبراهیم حمەدەمین) کە دانیشتوی قەڵادزێ بو، لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخراوەکە کرد لە ڕێگەی (جەلال عەبدوڵا)وە، کە هاوڕێی خوێندن بون، (ئیبراهیم) دوای بون بە ئەندام لە ڕێبەندنداندا (دەستەی پشکۆ)ی لە هاوڕێیانی لە ناو شاری قەڵادزێ دروستکرد، ئەم دەستەیە لە دو شانە[١٢] پێکهاتبو کە (ئیبراهیم حەمە دەمین) سەرپەرشتی کردون و ئەم ئەندامانەی گرتۆتەخۆ (خالید سەعید خدر، عومەر مەحمەد هەلاج، بەختیار حەسەن ئیبراهیم، کەریم محەمەد عەبدوڵلا، حەسەن محەمەد، ئەمیر حەمەد ئەمین، فەتاح میرزا باپیر، شێرکۆ ئەحمەد محەمەد، دەرسیم مەحمەد، عەبدوڵا مەحمود عەبدولا، عوسمان محەمەد ڕەسوڵ، ئەحمەد حەسەن ئەحمەد و عەلی بابکر حەمەدئەمین)، هەر یەکێک لەم ئەندامانەش پەیوەندییان لەگەڵ چەند کەسێکی تر هەبوە بێ ئەوەی لێپرسراوی شانەی سەرەکی بیانناسێت(ئەمین(١)، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤)، ئەمەش لەپێناوی پاراستنی نهێنییەکان و لە ئەگەری ئاشکرابونی هەر شانەیەک و دانپێداناندا ئەوا کەمترین ئەندام ڕوبەڕوی گرتن و سزا و مەترسی ببێتەوە، تەنانەت ئەندامانی شانە جۆراوجۆرەکان یەکتریان نەناسیوە، تەنیا ئەو ئەندامانەی لە چوارچێوەی شانەیەکدا کاریان کردوە، تێکەڵاوی یەکتربون و ئاشنا بون بە یەکتر(ئەمین(٢)، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤)، ئەو شێوازی ڕێکخستنە پێیگوتراوە هێشویی، وەک هێشوە ترێ ، هەر پەلێک، پەلێکی دیکەی لێبۆتەوە، بۆ ئەوەی زۆر قەرەباڵغ نەبێت، ئەمەش ڕێگەیەک بو بۆ خۆ پاراستن لە دەزگا زۆر و زەبەندەکانی هەواڵگری ڕژێمی بەعسی عێراق، کە لەناوچەکەدا بونیان هەبو(ئالی، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤؛ وەهبی، درەو میدیا:٢٠٢٤)، دەبێت ئەوە بزانین لە سەرەتای کاری ڕێکخراوەیی کۆمەڵەدا ڕێکخستنی هەرەمی بەکارهاتوە، لە سەرەوە بۆ خواروە درێژبۆتەوە، بەڵام دوای ئاشکرابونی چەند ڕێکخراوێک لە هەولێر و بەغداد لەوانە (هەڵۆی سور)، گرتن و لە سێدارەدانی ئەندامەکانیان، بیر لەوە کراوەتەوە شێوازی هێشویی یان تەزبیحی بگیرێتەبەر، کە لەم شێوازە ڕێکخستنەدا چەند هێشوی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچیان یەکتر بناسن، گوێ نادرێتە شوێن و شار، کار و پیشە، ژن و پیاو، لە پیشەی جۆراوجۆر و ڕەگەز و تەمەنی جیاوازی تێدابوە (ئەمین،١٩٩٧: ١٤-١٥).

یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەم قۆناغەدا لە قەڵادزی (مستەفا ئیبراهیم دەروێشە) ناوی نهێنی (شاسوار) بوە، کە لە ساڵی (١٩٧٧) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە کردوە، ڕۆڵی بەرچاوی لە سەرپەرشتیکردن و هەڵسوڕاندنی بەشێک لە شانەکانی کۆمەڵە لەناو شاردا هەبوە (نورەدین،٢٠١١: ٥٩)، یەکێک لەو شانانەی کە سەرپەرشتی کردوە ناوی (ئەستێرەی سور) بوە، کە لەم چەند ئەندامە پێکهاتوە(شاسوار، عەلی مەحمود، ڕزگار سەلیم ڕەسوڵ، محەمەد عومەر محەمەد، کامەران محەمەد عەلی، قودسی حەسەن و صالح محمود شوان)، سەرەتا ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ناوەندی کۆمەڵەوە هەبوە، سەرەڕای ئەوەی شاسوار هاتوچۆی ناوەندی کردوە بەڵام، (ڕەسوڵ دێرەی و حاجی حاجی مام ئەڵا، حەمە شێنەیی)یارمەتییان داون لە هێنان و بردنی پۆستەدا، چونکە ئەمانە کاری هێنان و بردنی باریان لە ناوشارەوە بۆ سەر سنور کردوە(بابەکر، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤).

ئەگەر سەرنج بدرێت ئەم شانەیە لە (٧) حەوت ئەندام پێکهاتوە، ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە بوە، کە لە پەیرەودا ئاماژە بەوە کراوە، کە پێویستە شانە لە (٣-٥) کەس پێکبێت (پەیڕەوی ناوخۆ،١٩٨١: ١٤)، بەڵام ئەگەر بڕوانینە ئەو قۆناغە لە بەشێک لە شانەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە پشدەر ئەمە دەبینین، دیارە

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوەندەی تیشکخراوەتە سەر چۆنیەتی کارکردن و دروستکردنی کادیر و ئەندامی تازە، هێندە هەوڵنەدراوە پەیکەربەندی ڕێکخراوەیی و ئۆرگانەکان وەک پەیرەوی ناوخۆ پیادەبکەن ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دۆستایەتی و لێکنزیکییەی لە نێوان ئەندامەکانی شانەکان بونی هەبوە، ئەو مەترسیەی ڕەواندۆتەوەکە متمانە بە یەکتر نەکەن، یاخود ترس لە نێوانیاندا دروست ببێت، لە کاتێکدا ئەندامێک ئاشکرا ببێت. واتە لەم قۆناغەدا سەرەڕای بایەخدان بە چۆنیەتی، بەڵام چەندێتیش گرنگ بوە.

لەم قۆناغەدا ئەرک و چالاکییەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناوچەکەدا یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە بوە، بەتایبەت کاتێک پێشمەرگە هاتونەتە ناو شار، ئەندامانی ڕێکخراوی ڕێبەندان چەند جارێک سەردانی پێشمەرگەکانی هەرێمی (٦)یانکردوە، ئەوکاتەی لە بەری چیای ئاسۆس بون، پێداویستی وەک خۆراک و دەرمانیان بۆ بردون(سەعید، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤)، ئەمە جگەلەوەی ئەرکی سەرەکی ڕێکخستنەکان هاندانی خەڵک بوە بۆ هاتنە ناو ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە، و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و نوسینی سەردیوار، هەمو شانەکان لە ئاست خۆیانەوە کاری هەڵواسینی بەیاننامە و دروشمەکانی شۆڕشیان کردوە، زۆربەی کات بە شەو ئەم کارە ئەنجامدراوە(ئەمین(٢)، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤)، بەڵام هەندێک جاریش هەبوە، بەڕۆژ بەیاننامەکان لەلایەن (٢-٣) ئەندام لە شوێنە گشتییەکان بەتایبەت دیواری مزگەوتەکان و بانک هەڵواسراون، ئەمە سەرەڕای کۆبونەوەی مانگانە کە لە نێوان ئەندامان ئەنجامدراوە و دواتر ڕاپۆرت دەربارەی چالاکی و دۆخی ڕێکخستنەکان بۆ ناوەند بەرزکراوەتەوە (ئەمین(١)، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤)، ئەرکێکی تری ڕێکخستن هاندانی خەڵک بۆ ئەوەی هاوکاری شۆڕش و پێشمەرگە بکەن و تەنانەت خەڵک ئاراستە بکەن بە چەکی خۆیانەوە ببن بە پێشمەرگە(ئیبراهیم، ١٩٧٨).

وەک دەردەکەوێت ئەو تەوژمە مارکسیزم و چەپیەتییەی ئەوکات کوردستان و ناوچەکەی گرتبۆوە، کاریگەری لەسەر گەنجانی دەڤەرەکە هەبو، بچنە پاڵ حزبە سیکۆلارەکانەوە، بەتایبەت ئەوانەی هەڵگری بیری سۆسیالیزم بون، کۆمەڵەش وەک یەکێک لەو ڕەوتە، هەڵبژێردراوی بەشێکی گەنجانی شار بو، بەتایبەت گەنجانی خوێندەوار و قوتابیانی ئامادەیی و زانکۆ، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانییەکان و بەگژداچونەوەی ستەمکاریدا بونەتە ئەندام لەناو ئەم حزبەدا (سالح(٢)، ٢٠٢١: ٨٤؛ ئاڵی، چاوپێکەتن: ٢٠٢٤).

ئەندامبون لە کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کارێکی ئاسان نەبو، هەر تاکێک هاتبایە ناو کۆمەڵەوە دەبو چەند قۆناغێکی ببڕیبایە سەرەتا لایەنگر دەچوە ناو (ئەڵقەی ڕۆشنبیریەوە)،[١٣]کە لەو قۆناغەدا کەسەکە زیاتر خەریکی خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیرکردن بو، دواتر دەبوە پاڵێوراو، ئەوجا دەبوە ئەندام، ئەمەش دوای پێشنیارکردنی چەند ئەندامێک، لە ناوەندی کۆمەڵەوە بە نوسراوی فەرمی و مۆرەوە ئەندامبونی کەسێک دەگەڕایەوە، بێگومان ڕادەی چالاکی ڕۆڵی هەبو لەسەر زو بە ئەندامبونی کەسێک(ئیسماعیل، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤)، تەنانەت هەندێک جار پێویست بوە لایەنگر ڕاپۆرتێک بنوسێت و بونی خۆی بسەلمێنێت کە ئاستی هۆشیاریی سیاسیی گەشەیکردوە و شایەنی ئەوەیە ببێتە ئەندام(ئاڵی، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤). لەم قۆناغەدا سەرەڕای بونی چەند گروپ و دەستەیەک وەک "ڕێبەندان، دەستەی پشکۆ و ئەستێرەی سور"، بەڵام هێشتا ڕێکخستنەکان زۆر فراوان نین و لە ڕوی چالاکی و مەودای کارکردنیانەوە هەژارن بە بەراورد کردن بە قۆناغی دوەم، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لەوانەی کاری ڕێکخستنیان کردوە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەم گروپانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ناوەندی ڕێکخستنی کۆمەڵەوە هەبو.

**تەوەری دوەم: بارودۆخی ڕێکخستنەکانی پشدەر لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٥)**

لەشۆڕشەکانی نیوەی دوەمی سەدەی (٢٠)دا ڕێکخستنی نهێنی بنەمایەکی تۆکمە بوە، بۆ گەشەکردنی شۆڕش لە بواری پەرەپێدانی جەماوەریی و بواری لۆجستی و بواری دارایی و پێداویستیەکانی دیکەی شۆڕش (عارف،٢٠٠٩: ١٦)، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وەک نیمچە بەرەیەکی سیاسیی و ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٧٥، وەک هەڵگیرسێنەری ئەم شۆڕشە لە سەر دو بنەمای گرنگ دروست ببو، ئەوانیش هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان بون (هەڵۆکان، ٢٠٢٣: ٢٠)، ڕێکخستنەکان گرنگ بون، چونکە شۆڕشێکی درێژخایەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پێویستی بە ڕێکخراو و ڕێکخستن هەیە، دەتوانین بڵێین کاری ڕێکخراوەیی داینەمۆی شۆڕش بوە، بەبێ ئەو نەدەتوانرا ئامانجەکان بەدەستبێن (مینە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤)، لە سەرەتای دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی لە کوردستانی عێراقدا بە گرنگییەوە هەوڵ بۆ پێکەوەگرێدانی خەباتی شاخ و شار دراوە، لەناو ئەم شۆڕشەی چارەگی کۆتایی سەدەی (٢٠)دا خەباتی شار و شاخ تەواوکەری یەکتربون (ناوەندی کۆمەڵە،١٩٨٢: ١)، هەربۆیە بە بایەخەوە سەیری ئەمە کراوە، ئەم ڕاستییە لەو بڵاوکراوانەی کە لە شاخ دەردەچون بە ڕونی دەردەکەوێت، ئەوەتا لە یەکێک لە بڵاوکراوەکاندا نوسراوە: "گرنگترین چەکی چینە چەوساوەکانی کۆمەڵ و گەلانی زوڵملێکراو لە خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمانییدا بۆ ڕزگاربون لە زوڵم و زۆر و چەوسانەوە، وە بۆ بە دەسهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی هەر ڕێکخستنە" (ناوەندی کۆمەڵە،١٩٨٢: ١)، لێرەوە سەرەتای ساڵانی (١٩٨٠)کان بە قۆناغێکی گرنگی گەشەکردنی ڕێکخستنەکانی (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) و (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) لە ناوچەی پشدەر بە گشتی و قەڵادزێ بەتایبەتی دادەنرێت، سەرقاڵبونی حکومەتی عێراق بە هەڵگیرسانی شەری (عێراق-ئێران)[١٤]، تاوەکو ڕادەیەک دۆخی ڕێکخستنەکانی باشترکرد (ڕێباز،٢٠١٧: ١٤٠؛ نورەدین، ٢٠١١: ٢٨٨)، دەرفەتێکی باش دروستبو بۆ بزاڤی چەکداریی و حزبە سیاسییەکان، گوشار لەسەر پێشمەرگە کەمتر بویەوە و دەرفەت لەبەردەم کاری ڕێکخستنیش زیاتر بو (خدر،٢٠١٢: ٤٩)، چونکە حکومەت ناچاربو بەشێک لە هێزەکانی لە کوردستان بکێشێتەوە و بەرەو بەرەکانی دیکەی شەڕی ئاراستەیان بکات (بێناوی نوسەر، ١٩٨٢: ٥٦)، تەنانەت لەو ماوەیەدا لەئەنجامی ڕەشبگیریی گەنجان و ڕاپێچکردنی بە تەمەنەکان بۆ بەرەکانی جەنگ، هێزی پێشمەرگە هەڵاوسانێکی مەزنی لە ڕوی زیادبونی ژمارەوە بە خۆیەوە بینی، چونکە زۆرێک لەوانە لەسەربازی هەڵاتن پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد (جەلال، ٢٠٢١: ١٦٢)، دەکرێت چەند هۆکارێک دەست نیشان بکەین بۆ گەشەکردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە پشدەر لەم قۆناغەدا:

١- نزیکی سەرکردایەتی شۆڕش لە ناوشار، بونی بارەگاکانی سەرکردەکانی کۆمەڵە و یەکێتی لە نێوزەنگ و شێنێ و زەڵێ، کاریگەریی بەهێزی هەبو لە سەر زۆری و ڕادەی چالاکییەکان لە سەر دانیشتوانی ناوچەکە، کە بە گرتینەوە کاروچالاکی سیاسیی ئەنجام بدەن (نورەدینی، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤؛ تەها، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤).

٢- بونی کۆمەڵێک گەنجی ڕۆشنبیر و خوێندەوار و دەستەبژێر، لەوانە (کاکەمین قادر، مامۆستا محەمەد سوڵتان، مامۆستا سەعید عەبدوڵا، مامۆستا عەبدوڵا صاڵح ناسراو بە (مامۆستا عەبدە) و شەهید فاروق مام ئەحمەد)، کە لەم قۆناغەدا زیاتر دەرکەوتن، ئەمانە ڕوی دیاری ڕۆشنبیری شار بون، لەگەڵ ڕێکخستنەکانبون و کاریگەرییان لەسەر خەڵک و گەشەکردنی ڕێکخستنەکان لە دەڤەرەکەدا هەبو(ئاڵی، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤).

٣- لەم قۆناغەدا دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی لە جاران زیاتر گەشەی کرد، پەخشی ڕادیۆ باشتر بو، ژمارەی بەرنامەکانیش زۆرتر بون و تەنانەت گۆڤار و بڵاوکراوەکانیش زیادیان کرد، ئاسانتریش دەگەیشتە ناو شار، ئەمەش بە هۆی نزیکبونەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناو شار، پێشمەرگەکان هەندێ شەو دەهاتنە ناو شار و ئۆردوگاکانەوە (حەمەبۆر،٢٠١١: ٧٣).

٤- بونی متمانەی ئەندامان بە نوێنەرەکانیان، هەمو ئەوانەی دەستگیرکران هیچ یەکێک دانپێدانانی لەسەر هاورێکانی نەکرد، ئەمەش بونی متمانەی لە نێوان ئەندامان بەهێزترکرد(ئاڵی، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤).

٥- بونی گیانێکی نەتەوایەتی بەهێز لە دڵ و دەرونی خەڵکی ناوچەکەدا و هەوڵدان بۆ بەگژداچونەوەی نادادی و ستەمکاریی حکومەت، کارکردن بە شێوەی نهێنی لەم پێناوەدا، وای لە گەنجانی ناوچەکە کردوە بچنە ناو ڕێکخستنەکانی حزبەکان بە گشتی و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی(زرنگ، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤)

٦- ڕۆڵی (نەوشیروان مستەفا) لە دارشتنی ڕێگای ڕاست و تەکتیکی ژیرانە بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەران و پەیوەندیکردن بە ئەندامانی شارەکان و گەشەپێدانی ڕێکخستنەکان، ئەم سیاسەتەی کۆمەڵە هەیبو لە ناو جەماوەر و شۆڕشدا ڕۆڵی گرنگی هەبو، چونکە گەنجە باشەکانیش لە هەمو لایەکەوە ڕویان دەکردە کۆمەڵە، ئەوەش ڕۆڵی باشی هەبو لە فراوانبون و پەرەپێدانی کۆمەڵە (ڕەشید، ٢٠١٩: ١١٢)، نەک تەنیا لە پشدەر بۆ بەشێکی زۆری کوردستان ئەمە ڕاست بو.

وەک دەردەکەوێت کە ئەو جەور و ستەمەی دامودەزگاکانی حکومەت لە ناوچەکەدا ئەنجامیان دەدا، ئازادی و ژیانیان لە هاوڵاتیان بەرتەسک کردبویەوە، و بواری کارکردنیان کەمکردبۆوە، ڕەفتارە خراپەکانیان هانی گەنجانیدا پەلەبکەن لە یارمەتیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد کە لەم قۆناغەدا ناوچەکەی تەنیبۆوە، ئەم یارمەتیدانە شێوەی جۆراوجۆری لەخۆگرتوە، نەک هەر گەنجان، بەڵکو خێزانەکان بە ڕادەیەکی زۆر هاوکاری منداڵەکانیان بون، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی نەتەوەیی و ڕێکخستنەکانیان.

لە نیوەی یەکەمی(١٩٨٠)کان لە ئەنجامی زۆربونی ئەندامانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە قەڵادزێ، شەقامێک لەو شارە لەلایەن هاونشتیمانیانەوە بە شەقامی کۆمەڵە ناونرابو، کە لە بەردەم مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیەوە دەستپێدەکرد تاوەکو بەردەم بینای پەروەردەی ئیستا[درێژیەکەی نزیکەی ١٠٠٠ مەتر دەبیت] (نورەدینی، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، لەم قۆناغەدا شانەکان گەشەیان کرد، ئەمە نەوەک تەنیا لە ناو شاری قەڵادزێ، بەڵکو لە هەر یەکێک لە ناحیەی ژاراوە و سەنگەسەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران ژمارەیان زیادبو، ئەوەتا نوسەرێک ئاماژە بە نەوەی دوەمی ڕێکخراوی(ڕێبەندان) دەکات، ئەوانیش "عەبدوڵا ئەحمەد، ئازاد قەرەنی، عەلی حەمە بۆر، بەکر چاوشین، عەبدوڵا ئیسماعیل، عەلی حەسەن قەصاب، عومەر صاڵح، گوڵالە حمد برایم، عوسمان ڕەسول، دڵشاد مەعروف، گۆران مەلا وسو، ڕزگار قەرەنی، ئازاد عەبدوڵا، جلال قادر و کاوە زرار"(حەمەبۆر، ٢٠١١: ٧٣).

نابێت ئەوە لە یاد بکەین، لە سەرەتای (١٩٨٠)کان، دواناوەندی قەڵادزێ ڕۆڵێکی گرنگی هەبو، خاڵی بەیەکگەیشتنی لایەنگر و ئەندامانی کۆمەڵە بوە، چونکە زۆرێک لە هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە، خوێندکاری ئەو ئامادەییە بون، بەشێک لە بیرۆکە و چالاکییەکان لەو بەیەکگەیشتنەی نێوان خوێندکاران گەڵاڵەدەبو، تەنانەت ئاڵوگۆڕکردنی نامە و بەیاننامەکان بەشێکی لە کاتی دەوامی خوێندن لە نێوان خوێندکاران ئەنجام دراوە، تەنانەت هەندێکجار لەبەر بونی مەترسی لە دەرەوەی خوێندنگا دەیانشاردنەوە، مامۆستایانی کوردی زمانیش لەگەڵ ئەوەی هەستیان بەو بزۆزیەی خوێندکاران کردوە، بەڵام چاوپۆشیان لێکردون و تەنانەت بە شێوەی نهێنی لەو مەترسیانە ئاگاداریانکردونەتەوە (غەفور، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، شوێنی ناوبراو نەک هەر بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، شوێنێکی بە بایەخ بو، بەڵکو سەرجەم لایەنە سیاسییەکان ڕێکخستنی پتەویان لە ناو خوێندکاراندا هەبوە، زۆرێک لە بڵاوکراوەکان کە لە نێوان خوێندکاران دەستا و دەستی دەکرد، ئەمەش کاریگەریی لەسەر خۆ ڕۆشنبیرکردن و بە ئاگایی خوێندکاران هەبو (ساڵح،٢٠١٢: ١٣٦)، لەم ماوەیەدا سەرەڕای ململانێی سیاسیی و چەکداریی کە لە نێوان حزبە سیاسیەکاندا هەبو، بەتایبەت لە شاخدا، بەڵام ئەو ململانێیە لە ناو شاردا بەتایبەت لە خوێندنگەکاندا کە لایەنگریی هەمو حزبە سیاسیەکانی تێدابو، لە ناوچەی پشدەر نە

گەیشتە ئاستی هەواڵ لێدان و چاڵ بۆیەکتر هەڵکەندن، ئەمەش بۆ بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری ڕێکخستنەکانی حزبەکان گەڕاوەتەوە، پێیان وابو دوژمنیان هاوبەشە، ئەمە لەلایەک (حەمە سور، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤) و لەلایەکی ترەوە بەهێزی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرەڕای جیاوازیی بیری سیاسیی، ئەمەش یارمەتیدەر بو بۆ ڕێزگرتن لە ئایدۆلۆژیا و هزری جیاوازی یەکتر(ئەمین(٢)، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤).

لەم قۆناغەدا بەشێک لە خوێندکارانی پشدەر بۆ درێژەپێدان بە خوێندن چونە زانکۆ و پەیمانگاکانی عێراق، لەوێ نەک وازیان لە کاری ڕێکخستن نەهێنا، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵ و ماندوبونی خۆیان بۆ کاریگەری خستنە سەر گەنجانی شارەکانی تر تاکو بیانهێنە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە چڕکردەوە(ئاڵی، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤) ئەوەتا بەشێک لە خوێندکارانی قەڵادزێ بۆ مەبەستی خوێندن لە ساڵانی (١٩٨١-١٩٨٢) چونە شاری سلێمانی، بە بڕیاری کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ و ڕەزامەندی ڕێکخراوی سلێمانی بونە ڕایەڵەی پەیوەندی لە نێوان سلێمانی و قەڵادزێ و دواتر ناوەند دا، تەنانەت (کارزان ئیسماعیل) کاری گواستەوە بۆ ڕێکخراوی سلێمانی، ئەو ماوەیەی لە سلێمانی مانەوە بەشداریی چالاکییەکانی خوێندکارانیان کرد (ئەحمەد، چاوپێکەوتن:٢٠٢٥).

لە گرنگترین چالاکییەکانی ئەم قۆناغە سەرپەرشتیکردن و بەشداریکردن لە یادی (٢٤ی نیسانی ١٩٧٤)بو، بە چەند ڕۆژێک پێش یادەکە ئەندامانی کۆمەڵە ئامادەسازییان کرد، بەتایبەت ڕۆژی ٢٣ی نیسانی ١٩٨٢ ئەندامان ئاگادارکرانەوە کە سبەی لە گۆڕستانی شەهیدانی قەڵادزێ ئامادەبن، ئێوارەی هەمان ڕۆژ ئەو دروشمانەی نوسرابونەوە وەریانگرتن(ئەمین(٣)، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤؛ ئاڵی، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤)، بەیانی ڕۆژی ٢٤ی نیسان کاتژمێر(٩-٩:٣٠) لەگەڵ جەماوەر و ئەندامانی لایەنە سیاسییەکانی دیکە لە گۆڕستانی شەهیدانی قەڵادزێ ئامادەبون، دوای خوێندنەوەی هۆنراوە و گوتنەوەی دروشمەکان مەراسیمی یادکردنەوەکە گرژی تێکەوت، چونکە خۆپیشاندەران بەنیازبون لە گۆڕستانەوە بەرەو شار بگەڕێنەوە، بەڵام پیاوانی ڕژێم ڕێگریانلێکردن، لەئەنجامی ئەو دۆخە و پشێویەی دروستبو (دایکە ئامینە سور) و مامۆستا (سنەوبەر) گیانیان سپارد(بابان، ٢٠٠٤: ٢٠٨-٢٠٩)، لە هەمان کاتدا (٤٩) قوتابیی کوڕ و (١٩) قوتابیی کچ و چەند منداڵێک دەستگیرکران(زەریا، ١٩٨٢: ٢٨)ئەمە دۆخەکەی ئاڵۆزترکرد، حکومەت ڕێگەی نەدا تەرمی ئەم دو هاوڵاتییە لە گۆڕستان بنێژرێن و دەستگیرکراوەکانیش بەربدات، لێرەوە کۆمیتەیەک بۆ سەرپەرشتیکردن و داواکارییەکانی جەماوەر پێکهات، ژمارەیەک ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی تێدابو بەناوباگترینیان (محەمەد سوڵتان و کاکەمین قادر) بون(نورەدینی، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤)، ڕۆژی دواتر لەپێناو کەمبونەوەی فشارەکان لەسەر قەڵادزێ، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ژمارەیەک ئەندامیان لەوانە(قودسی حەسەن، بەکر بایز، مامۆستا حەمە صالحی کەرسۆنان) بۆ ژاراوە و سەنگەسەر و تەوسوران نارد، بۆ ئەوەی لەوێ خۆپیشاندان ئەنجامبدەن و حکومەت هێندە نەپرژێتە سەر قەڵادزێ(بابەکر، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤؛ مینە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤). دوای نزیکەی هەفتەیەک لە گرژی و ئاڵۆزییەکان تا ڕادەیەک دۆخەکە هێمن بۆوە، بەڵام بەشێک لە ئەندامانی ڕیکخستنی کۆمەڵە ناچار بە خۆشاردنەوەکران(غەفور، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، هەرچەند ەخۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکەی قەلادزێ دامرکایەوە، بەڵام کاریگەری لەسەر ناوچەکانی تر دروستکرد، و لەدوای ئەوەوە زنجیرەیەک ڕاپەڕین لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجامدران(مینە، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، لە ٢٦ نیسان لە هەڵەبجە و لە ١ی ئایار لە چوارقوڕنە و ٢ی ئایار لە شاری ڕانیە و ٣-٦ی ئایار لە شاری هەولێر و ٤ی ئایار لە شاری کەرکوک و ٦ی ئایار لە کۆیە و ٨ی ئایار لە سلێمانی و دواتر سەید صادقیشی گرتەوە(مستەفا، ٢٠١٨: ١٧٨-٢٣٢).لە ٤ی تەمموزی هەمان ساڵدا خرۆشانێکی جەماوەری شاری قەڵادزێی گرتەوە، ئەمیش لەکاتی ناشتنی تەرمی خاڵە قوبادا، کە لەلایەن ئەمنەوە لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپارد، خەڵک بە وتاف

کێشان و نارەزایەتی دەربڕین لە گۆڕستانەو بەرو شار گەڕانەوە(تاهیر، ٢٠١٠: ٧٤)، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بەشدارییەکی کارایان لەم وروژانە جەماوەرییە بینی (عەبدوڵا(١)،چاپێکەوتن: ٢٠٢٤).

هەربۆیە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە خۆی دەبینییەوە لە:

١- بەشداریکردنی ئافرەتان لە کاری ڕێکخستن و ڕێکخراوەیدا، یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم قۆناغە، هەر لە هەڵواسینی بەیاننامە و گواستنەوەی بڵاوکراوەکان لە نێوان ئەندامان و هێنانی خەڵک بۆ ناو ڕێکخستن و نوسینەوەی نوسراوە نهێنیەکان و زانیاری کۆکردنەوە لەسەر دامودەزگاکانی ڕژێم و هەڵسوڕا و هاوکارەکانیان، تەنانەت بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکاندا، لەوانەش (بەهرە حسین، گێلاس قادر، شوکریە پور غوربەت ناسراو بە تانیا، خاتون ئەحمەد و نیشتمان ئیبراهیم و چەندانی تر)(غەفور، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، سەرەڕای ئەوەی کە بەشداریکردنی ئافرەتان لە کاری سیاسیی و ڕێکخستندا ناباو بو، وێڕای ترسی بەعس، چاوی کۆمەڵگەشیان لەسەربو(عوسمان، ٢٠٢٥: ٨) بەڵام ئافرەتان بەشداری چالاکییەکانیان کردوە، ئەگەر بە شەویش بوبێت، بەرزی ئاستی هۆشیاریی و نەتەوەیی بەشێک لە خێزانەکان پاڵپشت بوە بۆ کچەکانیان تاوەکو بەشداریی کاری لەم شێوەیەدا بکەن، لەم بارەوە بەهرە حسێن ئاشکرایکرد "چەندین جار بە ئاگاداریی ماڵەومان بە شەو بەتایبەت کاتژمێر(٣-٤) بەیانی لەگەڵ هاورێیانم بەشداریی هەڵواسینی نوسراو و دروشم و بەیاننامەم کردوە"(غەفور، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤)، وەک زانراوە بەشێک لە ئەندامەکان بەردەوام لەلایەن خێزانەکانیانەوە یارمەتیدراون، ئەو کات قسەیەکی باو لەناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجداران هەبوە، گوتراوە:"پێویستە سەرەتای ڕێکخستن لە خێزانەکانی خۆمانەوە دەبێت دەست پێبکرێت" (شێخ جەمیل، ٢٠١٩: ٩٣)، بەو مانایەی پێویستە خێزانەکان هاوکاربن، ئەیوب عەبدوڵا ئاماژەی بەوەکرد:" ئەوکاتانەی لە ماڵەوە کۆبونەوەی لەگەڵ ئەندامانی شانەکان هەبوە بەردەوام دایکی لە دەرەوە چاودێری دۆخەکەی کردوە" (ئیسماعیل، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤) ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بەشێک لە خانەوادەکان هاوکاری منداڵەکانیان بون لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ڕێکخستندا.

**٢-** زیادکردنی ژمارەی ڕێکخستنەکان بە بەراورد بە قۆناغی پشوتر، بەتایبەت دوای ڕاپەڕینی (٢٤ی نیسانی١٩٨٢)قەڵادزێ ڕێژەیەکی زۆر لە گەنجان و هاوڵاتیانی ناوچەکە چ لە سەر ئاستی سیاسیی یان ڕێکخراوەیی، تەنانەت سەربازیش پەیوەندییان بە حزبە سیاسیەکانەوە کرد، بەتایبەت یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لە ناو یەکێتیشدا، تایبەتتر کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە حکومەت ئەو سام و شکۆیەی هەیبو دوای ڕاپەڕینەکە لەدەستیدا، خەڵک زیاتر لە جاران ئامادەی قوربانیدان بون (ئیسماعیل، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤- ئاڵی، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤)

٣- هاوکاریکردنی خەڵک لە ڕوی ماددی و مەعنەوەییەوە، هاوکارییەکان شێوە و شێوازی جۆراو جۆری وەرگرتبو، بریکارەکانی خۆراک پاڵپشتییەکی باشی ڕێکخستنەکان بون بۆ کۆکردنەوەی خۆراک و دواتر ڕەوانەکردنی بۆ دەرەوە بۆ پیشمەرگەکان، بەتایبەت بۆ تیپی(٦٣)ی جوتیاران و (٤٣)ی ئاسۆس(نورەدینی، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤؛ عەبدوڵا، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، لەم قۆناغەدا ڕێبەرانی شۆڕش لە ڕێگەی نامەوە خەڵکی دەوڵەمەندی شارەکانی ئاگادارکردەوە، کە هاوکاری شۆڕش بکەن، تەنانەت ئەندامانی ڕێکخستنەکان خۆیان ناوەندی کۆمەڵەیان ئاگادار دەکردەوە، ناوی دەوڵەمەندەکانی شاریان پێگوتون، ئەندامێکی کۆمەڵە لەو بارەوە نوسیویەتی"من یەکێک بوم لەوانەی خۆم ئاگادارم کردنەوە، گوتم بابم دەوڵەمەندە و نامەی بۆ بنوسن، بەم جۆرە سێ هەزار دیناری سویسریان[دیناری عێراقی چاپی سویسری] بۆ بابم نوسی، ئەویش دو هەزاری نارد"(نورەدین، ٢٠١١: ١٦٧).

٤- دروستبونی هەماهەنگی زیاتر لە نێوان ڕێکخستنەکانی ناو شار و پێشمەرگەکاندا، بەتایبەت لە دوای ڕاپەڕینی (٢٤ی نیسانی١٩٨٢)ی قەڵادزێ و ئەو زنجیرە ڕاپەڕینانەی دیکە، کە شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، سەرکردایەتی تیپەکانی پێشمەرگەی ڕاسپارد لە دەوروبەری شارەکان نزیک بنەوە، بە مەبەستی هاوکاریکردنی ڕێکخستنەکانی ناو شار، لێرەوە تیپەکانی (٦٣)ی جوتیاران و (٤٣)ی ئاسۆس هاتنەگوندی(دێرێ)، بەڵام هەر زو لەلایەن ڕێکخستنەکانی ناو شاری قەڵادزێ وە ئاگادارکرانەوە، خۆیان لە چالاکیی سەربازی بە دوربگرن، چونکە ڕێچکەی کاری ئەوان تێکدەدات(مینە، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤).

٥- تایبەتمەندیەکی تری ئەم قۆناغە دروستکردنی کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ یە، لە (ئەیلولی ١٩٨٢) سەرکردایەتی "کاکەمین قادر"ی بۆ ئەم ئەرکە ڕاسپارد، لە سەرەتادا ناوبراو گەڕانێکی بۆ ناوچەکانی "ئەبوبەکرە و قەڵاتوکان" ئەنجامدا، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناو ئەو کەرتانەی پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا بونیان هەبو، پۆلێک دروست کرا کە (کەمال حەسەن عەبدوڵا) وەک ئەندام پۆل بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری پۆلەکە دیاریکرا، کە ناوچەی کاری ڕێکخراوەیی لە بناری قەندیلەوە هەتا سەنگەسەر درێژ دەبویەوە، کاتێک لە بەهاری(١٩٨٣) بڕیاری گواستنەوەی سەرکردایەتی لە نێوزەنگەوە بۆ ناوچەکانی گوندی (باوزێ)[١٥] درا، کاریگەریی لەسەر لاوازبونی چالاکی و پەیوەندییەکانی نێوان شار و لێپرسراوی کەرت هەبو، بەڵام دوای گواستنەوەی بارەگای کەرت بۆ بەری مەرگە(ئاوەژێ)[١٦] لە (تەمموزی ١٩٨٣) جارێکی تر گڕ و تین درایەوە بە کاری ڕێکخراوەیی، لەوێدا پۆلی هێرۆ دروست کرا، (مستەفا سەید قادر)، کرایە لێپرسراوی پۆل، بەشێک لە شانەکانی "قەڵادزێ و ژاراوە" خرانە سەر ئەم پۆلە، چەند پۆلێکی دیکەش دروست کران، لەوانە پۆلی بنگرد کە صباح مەرگەی بوە لێپرسراوی پۆل، کاروباری ڕێکخستنی پێشمەرگەکانی تیپی(٦٣) جوتیاران بە مامۆستا محەمەد سوڵتان درا وەک ڕابەر سیاسی دەستنیشان کرا، مام ڕەسوڵ وەک سەرپەرشتی بەشێک لە کاروباری ڕێکخستنی پێشمەرگەکانی تیپی (٤٣)ی ئاسۆس دەستنیشانکرا، و عومەر قەڵادزەیش سەرپەرشتی هەندێک شانەی گرتەئەستۆ (مینە، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، لەم کاتانەدا دکتۆر فایەق گوڵپیش کە لە ئاوەژێ بو، بوە کادیری کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ، و سەرەڕای کاری پزیشکی، کاری سیاسیشی لەو کاتەدا کردوە (گوڵپی، ٢٠١٨: ٢٢٧)هەمو ئەمانە لەلایەن "کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ" وە سەرپەرشتی کران هەتا کۆنفرانسی ناوچەیی، کە لە (چنارنێ) لە (٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٣) ئەنجام درا، مەبەست لێی لە لایەکەوە دیاریکردنی ئەندامانی کەرتی قەڵادزێ بو کە پێویستبو بە شێوەی هەڵبژاردن دابنرێن، لە لایەکی دیکەوە دیاریکردنی ئەندامانی کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە، لەوێدا سەرلەنوێ چوارچێوەی ڕێکخستنەکان دارێژرانەوە، لەم کۆنفرنسەدا (٣٥) ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، بەشداری کرد (مینە، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، چوار ئەندامی پۆلی قەڵادزی بانگهێشت کران بە دەموچاوی داپۆشراوەوە بەشدارییانکرد، ئەوانیش بریتین لە "مستەفا ئیبراهیم(شاسوار)، قودسی حەسەن، کەریم مەحمەد عەبدوڵا و مەحمەدە سورە" کە بۆ ماوەی یەک ڕۆژ بەردەوام بو ، قادر حاجی عەلی و ئازاد هەورامی سەرپەرشتی کۆنفرانسەکەیان کرد (حەسەن، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤؛ مینە، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، هەڵبژاردن بۆ کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ کرا و بەم شێوەیە ڕێکخرا، ئەمانە بە ئەندام کەرت هەڵبژێران (کاکەمین قادر، مستەفا سەید قادر، مامۆستا محمد سوڵتان، جەبار قادر، حەمە ڕەئوف)، بەڵام جەبار قادر خۆی کشاندەوە و کەمال حسن لە جیاتی ئەو بوە ئەندام کەرت، پاشان ئەوانیش کاکەمین قادریان بە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ دەستنیشانکرد(مینە، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤).

دروستکردنی کەرتی ڕێکخسنی قەڵادزی کاریگەری لەسەر کۆکردنەوەی شانە پەرش و بڵاوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران هەبو، چونکە تاکو ئەم قۆناغەش بەشێک لە شانەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ناوەندەوە هەبو، بەڵام لە دوای

دروستکردنی کەرتی قەڵادزێ، ئەمە کەمتربۆوە، لێرەوە لە بری ئەوەی پەیوەندی بە ناوەندەوە یان ئەندامێکی ناوەندەوە بکەن، کارەکانیان گوازرایەوە سەر کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ لای کاکەمین قادر، تەنانەت ناوی شانەکان و کۆدییان گۆڕانی بەسەردا هات(نورەدین، ٢٠١١: ٥٦٤؛ مینە، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤).

لە ساڵی (١٩٨٤) لەلایەن ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە هانی ئەندامان درا، کە برەو بە بواری هونەری بدەن، لێرەوە کۆمەڵێک ئەندامی چالاکی سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران هاتنە مەیدانەکەوە، لە سەر دەستی ئەم گروپە هونەری شانۆ لە شارەکەدا پێ نایە قۆناغێکی باڵاتر، لەو ئەندامانەش"عومەر قاچ، عومەر کاکل، بەکر مەحمود و کەمال ئالانی ، ..... "ئەم چالاکییە هونەرییانەی ئەنجامیان دەدا ڕۆڵی لە فراوانبونی مەودای ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە شارەکەدا هەبو (نورەدین،٢٠١١: ٢٣٣)، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی شانۆ لەو قۆناغەدا دەمەزەردکردنەوەی گیانی بەرگری و خەبات بو بەبەر خەڵکدا (ڕەسوڵ،٢٠٢١: ١٦٢)، ئامانجی هونەر لەو کاتەدا بۆ بەهێزکردنی گیانی نەتەوایەتی و کوردایەتی بو (کاکل، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥)، هەرچەند هەندێک جار گرفت لەبەردەم پێشکەشکردنی ئەم بەرهەمە هونەرییانە لەلایەن ڕێکخراو(منەزەمە)ەوە دروست دەبو، بەڵام لە ڕێگەی ئەوانەی لە (بەعس)، نزیکبون دەتوانرا چارەسەری ئەم گرفتە بکرێت(کاکل، ٢٠٢٥)، هەربۆیە ئەنجامدانی ئەم چالاکییانە کاریگەریی لەسەر هەستی جەماوەر هەبو، ڕێژەی پەیوەندی کردن بە ڕێکخستنەکانی زیاتر کرد.

ئەم قۆناغە، قۆناغی گەشەسەندنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانە لە پشدەر بە گشتی و قەڵادزێ بەتایبەتی، چونکە لەم ماوەیەدا شانەکان گەشەیان کرد، هاوکاریکردنی خەڵک بۆ ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگە زۆرتر بون، پەیوەندی نێوان پشدەر و ناوچەکانی دیکە بەتایبەت ڕێکخراوی سلێمانی گەشەی کرد، چالاکییە سیاسییەکان زۆرتر بون، ویستی خەڵک بۆ بەگژداچونەوەی حکومەت زیاتر بو، ترسی حکومەتیش لە ڕوبەروبونەوەی خەڵک زۆرتر بو.

## تەوەری سێیەم: فراوانبونی کاروچالاکی ڕێکخستنەکانی پشدەری کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە نێوان ساڵانی (١٩٨٥-١٩٨٩)

وەک ئاشکرایە حکومەتی عێراق هەر لە سەرەتای دانوستانەکانی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، مەبەستی نەبو دان بە مافی کورد دا بنێت، بەڵکو دانوستانەکان دەرهاویشتەی ئەو دۆخە بون کە لە ئەنجامی شەڕی (عێراق-ئێران) هاتبۆ ئاراوە، حکومەتی عێراق ویستی لەو ڕێگەوە لاوازیی هێزی خۆی بەرانبەر ئێران هاوسەنگ بکاتەوە، و بەرەو باشتری ببات، هەربۆیە سوپاکەی لە کوردستان پاشەکشە پێکرد، و بەرەو بەرەکانی شەڕی ئێران ئاراستەیکردن (ئەمین،٢٠٢١: ٥٧)، چونکە عێراق لە شەری لە گەڵ ئێراندا توشی شکستی کەمەرشکێن هاتبو(سەنگاوی، ٢٠٠٥: ١٤٣)، دیارە ئەم گفتوگۆیەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ بەعس لە ڕێگەی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بەتایبەت دکتۆر (عەبدولڕەحمان قاسملۆ) وەبو لە چەند دیدارێکدا ئامادەگی هەبو (کۆچێرا، ٢٠٠٢: ٦٩)، یەکەم دانیشتن لە ڕۆژی (١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢) لە (گۆڕەشێر) بە بەشداری قاسملۆ وەک لایەنی سێیەم ، (جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا) لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لە حکومەتی عێراق (عەقید ڕوکن خەلیل محەمەد شاکر) یاریدەدەری سەرۆکی دەزگای هەواڵگری، و (عەقید ئیحسان محەمەد ئەلدیری) لێپرساوی ناوچەی سەروی هەواڵگری لە کەرکوک، و (ئەبو محمد) لێپرساوی هەواڵگری هەولێر ئەنجام درا، نوێنەری حکومەت لەم کۆبونەوەیەدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوان دەسەڵاتی گفتوگۆیان نیە، تەنیا دەتوانن بیروڕاکان بگوازنەوە (ئەمین(٢)،١٩٩٧: ٢٦٩-٢٧٠)، کۆبونەوی دوەم لە نێوزەنگ لە بارەگای سەرکردایەتی بەبێ ئامادەبونی لایەنی سێیەم (عەبدولڕەحمان قاسملو) ئەنجام درا (ئەمین، ١٩٩٩: ٧)، ئاشکرایە (گۆڕەشێر)[١٧] سنوری پشدەر و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، و (نێوزەنگ)یش لە سنوری پشدەر دایە، چونکە

چەقی سەرکردایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەم قۆناغەدا کەوتبوە ئەوێ، دواتریش چەندین کۆبونەوەی دیکە ئەنجام دران، ئەم دۆخەی لە ئەنجامی دانوستاندن هاتە ئاراوە تارادەیەک باری ڕێکخستنەکانی باشترکرد، چونکە پێشمەرگە تێکەڵاوی خەڵک بو، دۆخێکی ئارامتر دروستبو، خەڵکیش بۆ هاوکاریکردنی شۆڕش بە پەرۆشبون(مستەفا، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥)، بەڵام کۆتایی هاتن بە دانوستان و گفتوگۆ جارێکی دیکە دۆخی ڕێکخستنەکانی خراپتر کرد (حسێن، چاوپێکەوتن:٢٠٢٥)، ئەمە سەرەڕای جیابونەوەی (ئاڵای شۆڕش)[١٨] لە کۆمەڵە دۆخەکەی دژوارتر کرد(بچکۆل، چاوپێکەوتن:٢٠٢٥).

سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە (١٥ی کانونی دوەمی ١٩٨٥) دوای کۆبونەوە، بەیانی کۆتایی وتوێژی ڕاگەیاند و گفتوگۆکان هەڵپەسێردران (ئەمین، ١٩٩٩: ٧؛ هەینی، ٢٠٢٥: ٦٩٤)، لە هەمان کاتدا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان شەڕی دژی حکومەتی عێراق ڕاگەیاند(Gunter,1999: 27) لێرەوە پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق جارێکی تر بە ئاقاری توندوتیژیدا گوزەریکرد، لەو قۆناغەدا ڕێکخستنەکانی پشدەر هەڵمەتێکی گەورەیان کرد بۆ ئەوەی خەڵک پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەوە بکەن، چونکە بە هۆی دانوستاندنەکانەوە بەشێک لە پێشمەرگەکان خۆیان ڕادەست کردبۆوە و ئامادەی دوبارە گەڕانەوە نەبون، بۆ ئەم مەبەستە ئەوان بڕیاریاندا ئەو بۆشاییە سەربازییە پڕ بکەنەوە، کە بەهۆی نەگەڕانەوەی پێشمەرگەکان بۆ شاخ دروست ببو، لەپێناو هاوسەنگکردنەوەی هاوکێشەکەدا ئەم بڕیارەیاندا(بچکۆل، چاوپێکەوتن:٢٠٢٥؛ مام ئارام، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥)،لە هەمان کاتدا ڕێکخستنەکان ویستیان لەم ڕێگەوە پەیامێک بە دامودەزگاکانی حکومەت بدەن لە ناوچەکە کە پێشمەرگە ئامادەی شەڕکردنە، گیانی بەرەنگاربونەوە نەمردوە (نورەدین،٢٠١١: ٣٠٤)

لە ١٠ی کانونی یەکەمی (١٩٨٥) پلنیۆمی بەرگەڵو بەسترا، بەرپرسی کەرتەکانی ڕێکخستن و سەرتیپەکان و ئەندامانی دەزگاکانی سەرکردایەتی ئەوانەی لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دابون بەشداریان کرد، لەوێ بڕیار درا، کەرتەکان هەڵبوەشێنرێنەوە، مستەفا سەید قادر سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی تیپی (٦٣) جوتیاران دەکات و مامۆستا محەمەد سوڵتانیش بو بە بەرپرسی ڕێکخستنی تیپی (٤٣)ی ئاسۆس و بڕیار درا، ڕێکخستنی پشدەر ببەسترێتەوە بەو دو کەسەوە(مینە، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)

لە ساڵانی (١٩٨٦-١٩٨٧) بازنەی کاری ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە ناوچەکەدا گەشەی کرد، لەم قۆناغەدا ڕێکخستنەکانی پشدەر هاوکاری و یارمەتیدەری ڕێکخستنەکانی شارەکانی دیکە بون، بەتایبەت لە گەیاندنی پۆست و پەیوەندی شار و شاخ، ڕادەستکردنی ژنانی پێشمەرگە بە شاخ و کۆکردنەوەی یارمەتی لە خەڵک و دوکاندارەکان ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا (نورەدین،٦٢٤:٢٠١١)، لە زانیاری کۆکردنەوە لەسەر دامودەزگاکان و زیاتربونی ژمارەی سەرباز و هێزەکان میکانیزمی وردیان گرتەبەر، لە ڕێگەی گۆشتفرۆشەکانەوە توانرا زیادبونی ژمارەی سەربازەکان بزانرێت، ئەویش بە بەراوردکردنی کیلۆی گۆشتی ڕۆژەکان کە لەلایەن سەربازەکانەوە کڕدراوە لە گۆشتفرۆشەکان، ویستویانە لەو ڕێگەوە دڵنیاببنەوە لە هاتنی سوپای زیاتر بۆ ناوچەکە، و ئەم زانیارییەیان گواستۆتەوە بۆ پێشمەرگەکان (ئیسماعیل، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، یاخود ئەندامانیان کە لە کارگەی سەهۆڵی قەڵادزێ ئیشیان کردوە، سەرنجیانداوەتە ژمارەی ئەو قالبە سەهۆڵانەی ڕۆژانە براون بۆ کەتیبە و هێزەکان لە سنورەکەدا، ئەو پێوانەیەی ئەوان کردویانە بۆ هەر (٢٠) سەرباز، قالبە سەهۆڵێکیان داناوە، واتا گەر شوێنێک (٥) قاڵبە سەهۆڵی بردبێت واتا ژمارەی سەربازەکانی (١٠٠) سەرباز بوە (نورەدینی، ٢٠٠٨: ٨-٩)، ئەم شێوازی کارکردنە وریایی و ئامادەبونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بۆ هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە دەردەخات.

لە (هاوینی ١٩٨٧) سەرکردایەتی ژمارەیەک چەکی نارد بۆ ڕێکخستنەکانی ناوشار بۆ مەبەستی خۆپاراستن، چونکە لەم قۆناغەدا هەڵمەتەکانی دامودەزگاکانی عێراق بۆ سەر هاوڵاتیان و ڕێکخستنەکان زیادیکرد، ئەگەری ڕوداوی نەخوازراو هەبو، حکومەت هێرشی چڕی بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکان دەستپێکرد و دەستی بەسەردا گرتن، ئەمە بارو دۆخی ڕێکخستنەکانی خراپ کرد (مستەفا، دەستنوس؛ کاکل، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥)، لە دوای قۆناغی ئەنفالەکان ڕێکخستنەکانی شار و شارۆچکەکان ڕوبەڕوی سەختی پەیوەندیکردن بونەوە لەگەڵ سەرکردایەتیدا، بەشێك لە ناوچەکان، بەتایبەت بادینان ئەو پەیوەندییەی هەیانبو پچڕا (ئاڵی، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، بە هۆی زۆری جاش و ئەمن لە ناوچەکەدا پەیوەندیکردن بە دەرەوە قورسبو، هەر لەم قۆناغەدا ڕێکخستنەکانی ناو شار بونە خاوەنی ئامێری لاسلکی، ئەم ئامێرە هەر مانگەی لای ئەندامێک دانراوە و پەیوەندی بە ئامێری (سەرچیا)[19] هوە کردوە، لە وێشەوە پەیوەندی بە ئامێری هەڵۆنەوە کراوە، ڕۆژانە کاتژمێر(١٠) بەیانی و (٤)ی دوانیورۆ کاتی پەیوەندی بوە، نەشتوانراوە زۆر بەکاربهێنرێت لە ترسی ئاشکرابون(ئیسماعیل، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤).

سەبارەت بە هاوکاری ڕێکخستنەکانی پشدەر لە گەیاندنی کەس و کاری پێشمەرگە بە شاخ، ئەحمەد بچکۆل نوسیویەتی:" لە (١٣ ی ئەیلولی ١٩٨٧) شاسوار بەرپرسی پۆلی ڕێکخستنی قەڵادزێ لەلایەن ڕێکخراوی سلێمانییەوە ئاگادارکرایەوە، کە خێزانی نەوشیروان مستەفا(شوعلەخان) لەناو شاری سلێمانی حکومەت بەدوایدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی دەستگیری بکات، پێویستە هەوڵبدرێت بگەیەنرێتە بەری مەرگە بۆ لای نەوشیروان مستەفا، شاسوار ئەو ئەرکەی بە من و فوئادی عەبدوڵا ڕەش سپارد، ئێمەش لە ڕێگەی شاسوارەوە دۆستێکی ئەومان بەکرێگرت کە بەرازیلی پێ بو، ١٤ ئەیلول چوینە سەرچنار لە شوێنی دیاریکراو شوعلەخان و نمای کوڕیمان وەرگرت، بۆ پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ گەیشتینەوە قەڵادزێ، بۆ شەو لە ماڵی شاسوار مانەوە ڕۆژی ١٥ی ئەیلول بە تەنیا بردمن بۆ بەری مەرگە، بە بەلەم پەرینەوە دواتر بەرێ کەوتین بۆ هەڵۆنە، پاشنیوەڕۆ خۆم بەتەنیا گەڕامەوە"(بچکۆل، دەستنوس)، ئەمە نمونەیەکە لەو هەوڵانەی ڕێکخستنەکانی پشدەر بۆ گەیاندنی کەسوکاری پێشمەرگە و سەرکردەکان بە شاخ داویانە.

لە ئەنجامی ئەو دۆخەی دروست ببو لە دوای پرۆسەی ئەنفالەوە[20]، نەتوانرا بە ئاسانی کاری پۆستە و پەیوەندی بە ناو شارەوە بکرێت تاک و تەرا نەبێت، بۆیە هەوڵدرا لە ڕێگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕۆژانە هاتوچۆی شاریان کردوە، لەو ڕێگەوە پەیوەندی بە شارەوە بەتین بکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە نەوشیروان مستەفا نامەیەکی بە (کاکەمین قادر)دا نارد بۆ دکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی، نامەکە درا بە فەتاحی عەبدولی لێپرسراوی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت (مینە، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، پاشان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش (موعتەسەم نورانی) ڕاسپارد، کە ئەوکات کاری هێنانی کەل و پەل و خواردنی کردوە لە قەڵادزێوە بۆ سونێ، تەنانەت دکتۆر (عەبدولڕەحمانی قاسملو) بانگهێشتی دەکات و فەرمانی پێکرد ئەو ئەرکە بگرێتەئەستۆ و یارمەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بدات، هەرچەند کارەکە زۆر چەتون بو بۆ ئەو، بەڵام بە ئەستۆیگرت (بەرزنجی، دەستنوس)، موعتەصەم هەمو ئەو شتانەی لە شاخ لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وەریگرتوە، لە شاری قەڵادزی ڕادەستی عەبدوڵای سەید قادری کردوە، هەمو ئەو پۆستانەی لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان هاتونەتە قەڵادزی بە مەبەستی بەڕێکردن بۆ ناوەندی ڕێکخستن لە ڕێگەی عەبدوڵای سەید قادرەوە بە موعتەصەم نورانی دراون(نورانی، چاوپێکەوتن:٢٠٢٥؛ مستەفا، دەستنوس)،گرنگترین ئەو کەلوپەلانەی لە شاخەوە بۆ ناو شار هێنراون وەک (نامە و بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و چەک بەتایبەت دەمانچە، ئامێری لاسلکی، ئامێری ڕاکاڵ)، زۆرجار ئەو پێشمەرگانەی کاتێک هاتونەتە ناو شار بۆ مەبەستی چالاکیکردن بوبێت یان دیدەنی، نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە شاخ، موعتەصەم گەیاندونیەوە بۆ شاخ (نورانی، چاوپێکەوتن:٢٠٢٥) لەو

قۆناغەدا تاکە پەیوەندی فەرمی لە نێوان شاخ و شاردا لە ڕێگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بو (بچکۆل، دەستنوس)، کەواتە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو قۆناغەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە یارمەتیدانی حزبەکانی باشور بەتایبەت یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بوەتە ڕایەڵەی پەیوەندی شاخ و شار بۆ ماوەیەک، ئەوکات بارەگاکانیان لە چەندین ناوچەی پشدەر کردبۆوە و خۆیان لە ناوچەکەدا مۆڵدابو.

لەگەڵ هاتنە ئارای ئەو دۆخە چەتونەدا ڕۆڵی ڕێکخستنەکان گۆڕانی بەسەردا هات، بەهۆی فشاری حکومەتەوە مەودای کارکردنیان تەسکتر بۆوە، بۆ تاوتوێکردن و چارەسەری کۆمەڵێک گرفت زنجیرەیەک کۆبونەوە لە ڕۆژانی (١٥-١٩ ی تشرینی دوەمی ١٩٨٨) لە نۆکان لە نێوان ناوەندی کۆمەڵە و کادیر و بەرپرسی کەرتەکان و سەرتیپ و لێپرساوی مەڵبەندەکان کرا، پێش کۆبونەوە نەوشیروان مستەفا داوای لە کاکەمین قادر کرد ڕۆژێک بگەڕێتەوە بۆ ناو شار بۆ مەبەستی دروستکردنەوەی پەیوەندی و ناردنی پۆستە بۆ ڕێکخستنەکانی شارەکان، هەربۆیە کاکەمین ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ گەڕانەوە بۆ ناو شار، دواتر بابەتەکە لای مستەفای سەید قادر باسکرا، ئەویش ئامادەبو بۆ چونەوە ناو شار لەگەڵ کاکەمین، بەر لە گەڕانەوە ئەم دوانە بۆ ناو شار، نەوشیروان مستەفا داوا لە بەرپرسی کەرتەکانی ڕێکخستن کرد هەر زانیارییەکی سەر بە ڕێکخستنەکانی شار لە ڕوی ناو و ناونیشان و ناوی نهێنی و پلەی ڕێکخستنیان هەیە ڕادەستی کاکەمین و مستەفا سەید قادر بکەن هەتا لە ڕێگەی ئەوانەوە پەیوەندییە پچراوەکان لەگەڵ شار و شارۆچکەکان دروست بکرێنەوە، ئەم دو کادیرە بەر لە گەڕانەوە چونەتە شاری (سەقز) لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دو دەفتەر خدمەی سەربازی ساختەیان دەرهێناوە بۆ خۆیان بە ناوەکانی (ئەحمەد عەلی "کاکەمین قادر"، عزیزی عەلی"مستەفا سەید قادر")، لە شەوی (١٦-١٧کانونی یەکەمی١٩٨٨) هاتنە ناو "قەڵادزێ" وە (مینە، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، ئەم هاتنەیان بۆ چەند مەبەستێک بوە ئەوانیش:

١--دروست کردنەوەی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخستنەکانی شارە دابڕاوەکان بە ناوەندی کۆمەڵەوە، چونکە لە دوای پرۆسەی ئەنفالەوە قەیرانی پەیوەندیکردن دروست ببو، ناوچەکانی پشدەر و بەشێکی ڕێکخراوی سلێمانی پەیوەندییان مابو، سەرجەم ناوچەکانی دیکە پەیوەندییان پچرابو بە هۆی فشارەکانی حکومەت و دەستگیرکردنی بەشێک لە ئەندامانیان .

٢-دروست کردنی سوپای ڕزگاری کوردستان(سرک)، نەخشەی دروستکردنەکەیان هێنابۆوە، دەدرا بە ڕێکخستنەکان بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەن، ئەم پلانە لەلایەن نەوشیروان مستەفا بە ئاگاداریی هەر یەکێک لە کاکەمین قادر و شۆڕش حاجی دانرابو.

٣-دروستکردنی هێڵی زانیاریی، کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر دامودەزگاکانی حکومەت لەهەر ناوچەیەک بونی هەبێت، ئەو کەسانەی هاوکاری ڕژێم دەکەن، پیاوە خراپەکانیان، ناو و ناونیشانیان، کۆکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ڕژێم بۆ ئەوەی لەو ڕێگەوە زانیاریی وردیان دەست بکەوێت واتە تۆڕێکی زانیاری لە سەر حکومەتی عێراق دروست بکرێت، لە قەڵادزێ بۆ ئەم مەبەستە شاسوار(مستەفا ئیبراهیم) بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە ڕاسپێردرابو(مینە، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤؛ مستەفا، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٥).

پێویستە ئەوە بزانرێت، بەر لە گەڕانەوەی کاکەمین قادر و مستەفا سەید قادر پەیوەندییەکانی پشدەر لەگەڵ ڕێکخراوی سلێمانی بە شێوەیەکی ئاسایی بەردەوامی هەبوە، لەو ماوەیەدا کارزان ئیسماعیل ڕاسپێردرا بۆ کاری پۆستە لە نێوان سلێمانی و قەڵادزێدا، کە ئۆتۆمبیلێکی بەرازیلی شینی لەلایەن ڕێکخراوی سلێمانییەوە بۆ ڕاپەراندنی کاروبارەکان پێدرابو، لەو ماوەیەدا لە شاری سلێمانی پەیوەندی بە سێ کەسەوە هەبو ئەوانیش(یەکەم جار ماڵی ڕزگار محەمەد، دوەم

ماڵی سامان مەولود، سێیەم ماڵی جەبار حاجی ڕەشید بەرپرسی ڕێکخراوی سلێمانی)، هەر لەوماوەیەدا دوای بریندار بونی ئازاد سەرگرمە لە گەرمیان لە ڕێگەی ڕێکخستنە کانی پشدەر و ڕێکخراوی سلێمانییەوە بە هاوکاریی (حەمە ڕەشید و حەمە نوری و حەمە لەتیف) لە ڕێکخراوی سلێمانی، ئازاد سەرگرمە بە برینداری لە گەرمیانەوە گەیەنرایە قەڵادزێ و بەنیازی بەڕێکردنی بۆ ئێران بە مەبەستی چارەسەرکردنی، ئەمەش دوای ئەوەی لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە لە (١٧ی تشرینی یەکەمی١٩٨٨) بروسکەیەک خوێنرایەوە "لە فەتاحەوە (ناوی نهێنی نەوشیروان مستەفا) بۆ ڕەنج(ناوی نهێنی جەباری حاجی ڕەشید)، ڕەنج پەیوەندی بکات بە شاسوارەوە(ناوی نهێنی مستەفا ئیبراهیم دەروێش بەرپرسی پۆلی قەڵادزێ)، شاسوار باوکی تایلان(ئازاد سەرگرمە) ڕزگار بکات، باوکی تایلان بگەیەنێتە شوێنی مەبەست" (ئەحمەد، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، لەبەهاری ١٩٨٩دا دوای چارەسەرکردنی لە بەغداد و گەڕانەوەی بۆ قەڵادزێ لە ڕێگەی پشدەرەوە بە هاوکاری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئازاد سەرگرمە بۆ نێوزەنگ نێردرا و دواتریش خێزانی منداڵەکانی بە هاوکاری ڕێکخستنەکان(یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) و (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بەڕێکران (بچکۆل، دەستنوس)، بێگومان هێنانی بریندارێک لە گەرمیان بۆ قەڵادزێ و هێشتنەوەی بۆ ماوەیەک لە ناو شاردا و دواتر بەڕێکردنی بۆ بەغداد بە هاوکاری ڕێکخراوی سلێمانی و دواتر گەڕاندنەوەی و بەڕێکردنی بۆ نێوزەنگ لێهاتویی کاری ڕێکخراوەیی نیشان دەدات، کە ڕێکخستنە کانی پشدەر ڕۆڵی گرنگیان لەو چالاکییەدا بینیوە.

کاکەمین قادر و مستەفا سەید قادر لە دوای گەڕانەوەیان لەگەڵ بەشێک لە ئەندامە چالاک و متمانە پێکراوەکان دانیشتن، لێرەوە داوا لە هەر یەکێک لە عەبدوڵا سەید قادر و ئەحمەد بچکۆل کرا، کە ئەرکی دروستکردنەوەی پەیوندییەکان لەگەڵ بەشێک لە ناوچە دابڕاوەکان بگرنەئەستۆ، عەبدوڵا سەید قادر بوە ئەڵقەی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوی (دهۆک و هێڵەکانی لە مەسیفەوە بۆ شەقلاوە و کۆڕێ و حەریر و خەلیفان و دیانان هەتا چۆمان)، ئەحمەد بچکۆل پەیوەندیکرد بە هێڵەکانی سنوری (بیتوێن و ڕانیە و کۆیە و بەشێک لە کەرکوک و هەولێر)، بۆ ئاسانی کاروبارەکان و پەیوەندی و گواستنەوەی بەریدەکان ئۆتۆمبیلێکی بەرازیلی سوریان بۆ کڕدرا، تابلۆی ژمارە(١٠٠٠٥) بەغداد، شێخ عومەر کرا بە شوفێری ئۆتۆمبیلەکە (مستەفا، دەستنوس؛ بچکۆل، دەستنوس)ئەوەتا عەلی خەیات ئاماژەی بەوە داوە، کە دوای گەڕانەوەی (مستەفا سەید قادر وکاکەمین)، ئەوان لە ڕێگەی ئەحمەد بچکۆلەوە پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی ناو شار لە ناوچەی بیتوێن بەستۆتەوە. (قادر، ٢٠٠٨: ٥٨)

ئەو ماوەیەی کاکەمین قادر و مستەفای سەید قادر لە ناو شاری قەڵادزێ بە نهێنی مانەوە، پەیوەندییان کرد بە زۆربەی ئەو لێپرسراو ڕێکخراو و هێڵانەی کە دابڕابون، ئەم پەیوەندیە چ بە ناردنی نوێنەر بێت یان بە هۆی ناردنی نامە چوکلێتییەکان و زانیارییەکانیان بگاتە دەست بەرپرسی هێڵەکان، یان بە داواکردنیان بێت بۆ قەڵادزێ بە مەبەستی بینین و کۆبونەوە لەگەڵیان، دواجار لەگەڵ هەر یەکێک لە عارف ڕوشدی، بەرپرسی ڕێکخراوی بادینان دو جار و جەباری حاجی ڕەشید لێپرسراوی ڕێکخراوی سلێمانی چوار جار کۆبونەوە، سەرەڕای نوێنەری شار و شارۆچکەکانی دیکەش (مینە، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤)، ئەحمەد بچکۆل ئاماژەی بەوەداوە کە کاکەمین قادر و مستەفا سەید قادر نامەی پەیوەندی و ناونیشانی هەمو ڕێکخستنە دابڕاوەکانی سنوری هەولێر و کەرکوک و بادینان و بیتوێن و کۆیە و هەمو کوردستانیان لە گەڵ خۆیاندا هێنابۆوە، هەر بەو هۆیەشەوە من چەندین کەسم ناسی لە بواری ڕێکخستندا، لەوانە مامۆستا وریا حەمە صالح لە کۆیە، ئەسعەد حەمە عەلی لە ڕانیە، محەمەد سەرکەپکانی لە سەرکەپکان، عومەر خدر زێن و فەیسەڵ خەلەکانی لە حاجیاوا، مەلا ئاری و عەلی خەیات لە چوارقورنە، محەمەد شامەڕوان لە ئۆردوگای ڕانیە، محەمەد مەلا حوسێن لە گردجان(بچکۆل، دەستنوس).

عارف ڕوشدی لە بیرەوەرییەکانی ئاماژەی بەوە داوە، دوای چونی عەبدوڵا سەید قادر بۆ شاری دهۆک و بینینی، ئەو هاتۆتە قەڵادزێ، یەکەم کۆبونەوەیان لە سەرەتای (کانونی دوەمی ١٩٨٩) لە ماڵی ئەحمەد بچکۆل ئەنجام داوە، دەربارەی کۆبونەوەکە نویسویەتی:"مستەفا سەید قادر و مامۆستا ئەمین [کاکەمین قادر]، هاورێ جەبار[جەباری حاجی ڕەشید لێپرسراوی ڕێکخراوی سلێمانی] و بەندە، لە سەر پلانێک ڕێککەوتین بۆ بوژاندنەوەی ڕێکخستنەکان لە سەر بنەمای (هێڵ)ی جیاجیا، و کۆمەڵێک ڕاسپاردە و ئامۆژگاریی ڕێکخراوەیمان وەرگرت، سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانمان، بۆ ئەوەی ئەو ڕێگە دورە نەگرینەبەر و چەند بارەی هاتنی عەبدوڵا نەبادا گومان دروستبکات، لە هەولێر ناونیشانی برادەرێکیان پێمدا، بە ناوی (مامۆستا خالیدی هەلاج)، دوکانی هەلاجی هەبو لە گەڕەکی ئیسکان، لە کۆتایدا باسی کێشەی دەربازبونی پارتیزانەکانم کرد، گوتیان زۆر باشە ئێوە بیانگەیەنە قەڵادزێ و ئێمەش بە سەلامەتی ڕەوانەی سەرکردایەتیان دەکەین" (ڕوشدی، ٢٠٢٣: ١٢٣)، بەو پێیەی زانراوە، عارف ڕوشدی بەرپرسی ڕێکخراوی بادینان دو جار هاتۆتە قەڵادزێ، دواتر لەپێناو بە نهێنی مانەوەی پەیوەندییەکان بریار دەدەن لە هەولێر یەکتر ببینن، یاخود لە ڕێگەی (مامۆستا خالید هەلاج)، کە لە هەولێر نیشتەجێ بوە، پەیوەندییەکە بەردەوام بێت، مستەفا سەید قادر چەند جارێک لە هەولێر بۆ تاوتوێکردنی دۆخی ڕێکخستنەکان و پلانی داهاتو لەگەڵی کۆبۆتەوە (مستەفا، چاوپێکەوتن:٢٠٢٥)

لەپێناو جێبەجێکردنی پلانی کۆبونەوەکەی قەڵادزێ لە ڕۆژی (١٠شوباتی١٩٨٩) پارتیزانەکانی بادینان لە دهۆکەوە بەرێکەوتن بۆ قەڵادزێ، ئیوارەی هەمان ڕۆژ گەیشتنە قەڵادزێ و ڕادەستی ماڵی (سەید قادر) باوکی مستەفا سەید قادر کران، لەوێوە ئەرکی گەیاندنی پارتیزانەکان بۆ بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە لە گوندی شێنێ کەوتە سەر شانی کادیرانی ڕێکخستنی قەڵادزێ، ئەوانیش بەبێ گرفت ئەرکەکەیان ڕاپەڕاند. پارتیزانەکانیش ئەمانە بون"عومەر محەمەد عەلی (ناسراو بە عومەر فەلەکی)، جەمیل جەلال، سەگڤان ڕەشید، تاهیر فەرمان لیناڤایی و سدیق محەمەد"(ڕوشدی،٢٠٢٣: ١٢٠)، ئەم پارتیزانانە لەڕێگەی ئەو پێشمەرگانەوە نێردران کە هاتبونەوە ناو شار ئەوانیش، حەسەن میسری و ئارارات ئەحمەد بون لەگەڵ خۆیان بردیانن(مستەفا، دەستنوس).

لەم قۆناغەدا لە ئەنجامی چونی بەشێک لە ڕێکخستنەکان بۆ ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە و بونی بەشێکی تریان بە سەربازی عێراق بە هۆی ناو هاتنەوەیان بۆ بون بە سەرباز، زۆری دەستگیرکردن و فشارە و پاڵەپەستۆکانی دامودەزگا ئەمنیەکانی حکومەت لەسەر ڕێکخستنەکان، لێرەوە ئافرەت هاتە مەیدانەکەوە وەکو تەتەر بەکارهێنرا، یەکێک لەو کچانە کە ڕۆڵی گرنگی هەبوە لە هێنان و بردنی پۆستەکان لە نێوان هەولێر و ڕانیەدا (فاتمە سەید قادر) بوە، تەنانەت بەشێک لە پۆستەکانی ڕێکخراوی سلێمانیش گەڕاونەتەوە هەولێر و لەوێوە فاتمە هێناویەتی بۆ ڕانیە و ڕادەستی ئەندامانی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) کراون، چونکە ئەوان یارمەتیدەری ڕێکخستنەکان بون بەتایبەت دوای ڕاگواستنی پشدەر لە مانگی (حوزەیرانی ١٩٨٩)، کە دۆخەکە زۆر دژوارتر بو(نورەدین،٢٠١١: ٢٦٠)، پێویستە ئەوەش بنوسرێت، تەنانەت ڕاگواستنی پشدەر کاریگەری لە سەر تێکچونی زنجیرەی ڕێکخستنەکان هەبو، ئەندامان لێک دابڕان، چونکە هەر ئەندامێک لە خێزانێکدا بە گوێرەی ویستی خێزانەکە چونەتە ئەو ئۆردوگایەی کە دەست نیشانیان کردبو، بۆیە دروستکردنەوەی پەیوەندی لە دوای ڕاگواستنی پشدەر لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا چەند مانگێکی پێچو تا شانەکان دروستبونەوە و پەیوەندییەکان ڕێکخرانەوە(ئاڵی، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤).

ڕۆڵی شوێنی جوگرافی پشدەر بە گشتی و قەڵادزێ بەتایبەتی یارمەتیدەر بوە بۆ دروستبونی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخستنەکانی پشدەر و ناوچەکانی دیکە، چونکە سەرکردایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی باشوردا لەو

قۆناغەدا کەوتبۆوە ئەو ناوچەیە[خڕی نێوزەنگ و شێنێ و نۆکان و قاسمەرەش]، هەربۆیە پەیوەندی سەرکردایەتی کورد بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕێگەی پشدەرییەکانەوە ئەنجامدراوە، دەتوانین ڕێکخستنەکانی قەڵادزێ بە شادەماری زیندوی ڕێکخستنەکانی(یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) دابنێین، بەتایبەت لە دوای پرۆسەی ئەنفالەکانەوە (نورەدین، ٢٠١١: ٢٨٤)، سەرەڕای هاوکارییەکی زۆری هاونیشتیمانیان لە ڕوی ماددی و مەعنەوییەوە، نابێت ڕۆڵی کاروانچیەکانمان لەبیر بچێت، ئەوانەی کاری قاچاغ و کاروانیان بۆ سەر سنوری ئێران کردوە، بە ناوچەکانی ژێر دەستی پێشمەرگەدا تێدەپەڕین و شوێن پەنجەیان لەو خەباتەدا دیارە، چەندین جار ڕۆڵی نامەبەریان بینوە و ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوە، لەوانەش "شێخ ڕەزا شێخ سەعید، سەید ڕەئوف، صدیق کۆشکەڵەیی، ڕەسوی مەلا لە گوندی دێرێ، خدرە تاڵ و ئەحمەدە لەتکە"(مستەفا، دەستنوس)، نەوشیروان مستەفاش دەربارەی ڕێکخستنەکانی قەڵادزێ دەڵێت" بەڕاستی مرۆڤ دەبێت شانازیان پێوەبکات، چونکە ئەوانە زۆر دڵسۆز بون، زۆرێکیان لە سەردەمێکی درێژدا ئەرکێکی زۆر گرنگیان لە ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان سەرکردایەتی و هەمو پێشمەرگە و لە نێوان ڕێکخستنی هەمو شارەکاندا هەبو، لەبەرئەوە ئەوان جێگایەکی تایبەتییان هەیە، ڕەنگە ئەگەر لەگەڵ ڕێکخستنی شارێک لە شارەکانی کوردستان بەراوردبکرێن، ئەرکێکی قورستر لەسەرشانی ئەوان بو"(نورەدین، ٢٠١١: ٤٨٨).

بێگومان پشدەر بە حوکمی شوێنە جوگرافییەکەی و بەرزی هەستی نەتەوەیی خەڵکەکەی ڕۆڵی گرنگی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستاندا لەو قۆناغەدا گێڕاوە، پشدەر پاڵپشتییەکی ماددی و مەعنەوی شۆڕش بوە، شوێنێک بوە بۆ گرتنەخۆی هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتییەکەی، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەو قۆناغەدا هاوکارییەکی باشی هێزی پێشمەرگە بون و توانیبویان بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن و پەیوەندی نێوان شار و شاخ بەیەکەوە گرێ بدەن، هەمو ئەو چالاکی و ئەرکانەی لە سەرەوە باسمان کردون ڕۆڵ و گرنگی ڕێکخستنەکان دەردەخات لە پاڵپشتیکردنی شۆڕشی کورد لەو قۆناغەدا.

## ئەنجام

١-چونی قوتابییانی پشدەر بۆ خوێندن لە ساڵانی (١٩٧٠)کان و گەڕانەوەیان بۆ پشدەر بە سەرەتای بڵاوبونەوەی هزری (مارکس-لینین)ی لە ناوچەکە دادەنرێت، دواتریش سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری و نزیکی بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش لە پشدەر و و بونی ڕادیۆ و بڵاوکراوەکانی شاخ کاریگەری زۆرتری هەبو لەسەر دانیشتوانی ناوچەی پشدەر بۆ چونە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە.

٢- ڕێکخراوی (ئاگری و ڕێبەندان) لە سەنگەسەر و شانەکانی (دەستەی پشکۆ و ئەستێرەی سور) لە قەڵادزێ لە سەرەتاترین شانەکانی کۆمەڵەن لە شێوەی ڕێکخراودا لە ناوچەکەدا، دواتر ئەندامانیان ڕۆڵی باشیان بۆ زیاتربونی ئەندامانی کۆمەڵە لە دەڤەرەکەدا گێڕا.

٣- دروستکردنی کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ و پاشان پۆلی هێرۆ، کاریگەری لەسەر بەهێزکردنی کاری ڕێکخراوەیی و بەرەو پێشبردنی چالاکیە ڕێکخراوەییەکان لەناوچەکەدا هەبو، شانە پەرشوبڵاوەکانی ناو شار و ئۆردوگاکانی یەکخست و کاری ڕێکخراوەیی تۆکمەترکرد.

٤-ڕێکخستنەکانی پشدەر سەرچاوەیەکی باشی ڕەوانەکردنی پێشمەرگەبون بۆ شاخ و یارمەتیدەری هێزی پێشمەرگەبون لە ڕوی زانیارییێدان و پێشکەوتنی مەفرەزەکان لەکاتی چالاکیی سەربازیدا و تەنانەت کۆکردنەوی یارمەتی و خۆراک و ڕەوانەکردنی بۆ هێزی پێشمەرگە لە شاخ.

٥- ئافرەتان پێکهاتەیەکی گرنگی ناو ڕێکخستنەکان بون لە (١٩٨٠)کاندا، شان بەشانی پیاوان ڕۆڵیان لە ڕاپەراندنی کاروباری ڕێکخستندا گێراوە و بەیان و بڵاوکراوەکانیان هەڵواسیون، ئەگەر بە شەویش بوبێت، ئەمەش بەرزی ئاستی هۆشیاری بەشێک لە خێزانەکان دەردەخات لە پشتگیری منداڵەکانیان لەو پرەنسیپانەی خۆیان باوەڕیان پێی هەبوە.

٦-ڕێکخستنەکانی پشدەر لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی (عێرا ق-ئێران) دەبنە خاڵی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی و ڕێکخستنە دابڕاوەکانی شارەکان وەک بادینا ن و هەولێر و دەڤەری سۆران، بە گرێدەرەوەی پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکانی نێوان ڕێکخستنی شارە دابڕاوەکان و ناوەندی کۆمەڵە دادەنرێن.

٧-ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە پشدەر لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵی کارا و کاریگەرییان لە دژایەتیکردنی ڕژێمی بەعس لە کوردستان هەبوە، بەڵام چالاکییەکانیان دیاریکراو بوە، بەبەراورد بە ڕێکخستنەکانی سلێمانی و هەولێر کە بەشێک لە چالاکییەکانیان کوشتنی پیاوانی بەعس بو، لە پشدەر ئەم جۆرە چالاکییە نەبوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پێویست نەبوە ڕێکخستنەکان ئەم ئەرکە بگرنەئەستۆ، لەبەرئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش و هێزەکانی پێشمەرگە لە ناو شار نزیکبون، هەرکاتێک مەبەستیان بوبێت توانیویانە بە هاوکاری ڕێکخستنەکان چالاکی چەکداری لەناو شار ئەنجام بدەن.

**لیستی سەرچاوەکان**


ئاڵی، بەکر بایز، ٢٠٢٤/١٠/٢٩، قەڵادزێ.

ئەحمەد،کارزان ئیسماعیل، ٢٠٢٥/٢/٢٧، قەڵادزێ.

ئەمین(١)، ئیبراهیم ئەحمەد،٢٠٢٤/١٢/١، قەڵادزێ.

ئەمین(٢)، ئەمیر محەمەد، ٢٠٢٤/١٠/٢٩، قەڵادزێ.

ئەمین(٣)، حەمەئەمین، ئەحمەد، ٢٠٢٤/١١/٢٩، نەرویج.(پەیوەندی تەلەفۆنی).

ئیسماعیل، ئەیوب عەبدوڵا، ٢٠٢٤/١٠/٣١، قەڵادزێ.

بابکر، قودسی حەسەن، ٢٠٢٤/١٢/١٢، سلێمانی.

بچکۆل، ئەحمەد، ٢٠٢٤/١٢/٣٠، ڕانیە.

حەسەن، مەحمود حوسێن، ٢٠٢٤/١٠/٢٨، ڕانیە.

حوسێن، مەحەمد عەلی،٢٠٢٥/١/١٠، قەڵادزێ.

حەمەسور، مەحمود، ٢٠٢٤/١٢/٣١، قەڵادزێ.

زرنگ، حەمە، ٢٠٢٤/١٠/٣٠، قەڵادزێ.

سەعید، خالید،١ /٢٠٢٤/١٢، قەڵادزێ.

عەبدوڵا(١)، خەسرەو قادر، ١١/ ١٢/ ٢٠٢٤، سلێمانی(پەیوەندی تەلەفۆنی)

عەبدوڵا(٢)، کاوە قادر، ٢٧/ ٧/ ٢٠٢٥، ڕانیە.(پەیوەندی تەلەفۆنی)

عەبدولرەحیم، عەلی عەبدوڵا، ٢٠٢٥/٣/١، ڕانیە.

غەففور، بەهرە حوسێن،٢٠٢٤/١٢/٢١، کەنەدا. (چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی)

فەتحوڵا، بارزان، ٢٠٢٤/٤/٥، دەربەندی پشدەر.

فەقێ، جەبار قادر،٢٠٢٤/١٢/١١، بەریتانیا. (چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی).

مستەفا، عەبدوڵا قادر، ٢٠٢٤/١٢/١٥، سلێمانی.

مستەفا، مستەفا قادر، ٢٠٢٥/٧/١٤، سلێمانی.

قەرە، حاجی،٢٠٢٥/٣/٤، حاجیاوا.

کاکل، عومەر، ٢٠٢٥/٣/١٨، قەڵادزێ.

مینە،کاکەمین قادر،٢٠٢٤/١٢/١، بەریتانیا. (چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی).

مام ئارام، محمد مەلا،٢٠٢٥/٤/٢٩، قەڵادزێ.
نورانی، موعتەصەم،٢٠٢٥/٢/٢٨، نەرویج. (چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی).
نورەدینی، عمر، ٢٠٢٤/١١/٢٨، قەڵادزێ.
ئیبراهیم، لەتیف عەبدوڵا، نامەیەک بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی، ١٩٧٨.
بچکۆل، ئەحمەد، بیرەوەرییەکانی ئەحمەد بچکۆل.
بەرزنجی، مەعسومە، بیرەوەری ژنە پێشمەرگەیەک، ب٢.
مستەفا، عەبدوڵا قادر، قۆناغی دوای ئەنفال.
ناوەندی کۆمەڵە،١٩٨٢، لە تەجروبەکانی خۆمان: دەستوەشاندنی ناوشار یا جەنگی نهێنی، ژیانی ڕێکخراوەییمان، ژمارە(٦).
ناوەندی کۆمەڵە،١٩٨٢، بۆ ئەوەی کەرتەکانی ڕێکخستن لە ئاستی مەسئولیەتە گرنگەکانی خۆیاندا بن، ژیانی ڕێکخراوەییمان، ژمارە(٧).
پەیرەوی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان،١٩٨١.
کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ١٩٧٨/١٠/١٠، وەڵامی نامەی سەرکردایەتی کاتی.
ئەمین(١)، نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٧، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ (١٩٧٥-١٩٧٨)، بێ شوێنی چاپ.
ئەمین(٢)، نەوشیروان مستەفا،١٩٩٧، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، بەرلین.
ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٩،خولانەوە لە ناو بازنەدا، چ٢، چاپی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان، بەرلین.
تاهیر، ستار حەمە، ٢٠١٠، خۆڕاگری دەڤەری پشدەر، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
خدر، مەحمەد،٢٠١٢، پشوی چیا چمکێک لە بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
ڕازانی، صدیق،٢٠٢٣، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چ١، بێ شوێنی چاپ.
ڕوشدی، عارف،٢٠٢٣، ڕۆژانی خەبات، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
ڕێباز، ٢٠١٧، قەندیل بەغدای هەژاند،چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
ڕەشید، صەلاح، ٢٠١٩، دیداری تەمەن، ب٢،چ٤، سلێمانی.
جەمیل، شێخ ڕەئوف، ٢٠١٩، مەفرزەی تۆڵە، ب٣، بێ شوێنی چاپ.
سالح، عەبدوڵا، ٢٠٢١، تەمەن و ئەزمون گۆشەیەک لە بیرەوەرییەکانی(عەبدوڵا سالح)، چاپخانەی پاشا، سلێمانی.
سەنگاوی، مەحمود، ٢٠٠٥، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، چ٢، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی
عەبدولقادر، فەرەیدون، ٢٠٢٠، هەڵۆ سورەکانی قەندیل، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
کوێستانی، هەڤاڵ، ٢٠١٧، ئەو ڕۆژانەی نیشتیمان هی هەموان بو، چ٩، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
هەینی، شێرزاد،٢٠٢٥، بیرەوەرییەکانی د.فواد معصوم، ب١،چ١، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای فام، هەولێر.
ئەحمەد، نەوزاد عەلی، ٢٠١١، هەوڵنامەی کوردستانی عێراق، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
ئەسەسەرد، فەرید،٢٠٢١، ئەنسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ب٢،چ٤، چاپ و بڵاوکراوەی دەزگای سەروەری، سلێمانی.
ئەمین، ئەحمەد حەمە، ٢٠١٦، ڕەوتی چەپ لە باشوری کوردستان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەک نمونە، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
ئەمین، ئەحمەد حەمە،٢٠٢١، بارودۆخی سیاسی باشوری کوردستان(١٩٨٣-١٩٨٥)، چ١، چاپخانەی تاران، هەولێر.
بابان، تەها، ٢٠٠٤، کۆستی شارێک، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
حەمەبۆر، عەلی، ٢٠١١، چرای ماڵە هەژارەکان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.
جەلال، ئیبراهیم،٢٠٢١،عەشق و خەبات و ئازادی، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
جەلال، برایم، ٢٠١٢، چەپکێک لە مێژوی کۆمەڵە، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
سالح، عومەر هەمزە،٢٠١٢، کارەسات و بۆردومانی قەڵادزی ١٩٧٤/٤/٢٤، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
سالح، مەجید،٢٠٢١، ڕامانێک لە نەوشیروان مستەفا،چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
فاتح، محمد،٢٠١٢، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقییەکان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

عەبدولڕەحمان، سەروەر- ئەحمەد، دلێر،٢٠١١، دانوستانەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق ١٩٨٤،چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

عەبدوڵڵا، بەختیار خدر،٢٠٢٤، شاری سلێمانی ١٩٦٨-١٩٧٩، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

کۆچێرا، کریس،٢٠٠٢، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆی، و، ئەکرەمی مهرداد، ب١، چاپخانەی تەما، سلێمانی.

مارف، عومەر ئیسماعیل،٢٠٢٣،گوندی باوزێ بەرەباب و بنەماڵەکانی، ب١،چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

محمد، خالید ابراهیم، ٢٠١٥، چواری ئادار،چ١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

مستەفا، ئاراس عەبدولڕەحمان، ٢٠١٨، خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی باشوری کوردستان دژی حکومەتی عێراق ١٩٧٥-١٩٨٨، ب٢، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی

میراودەلی، مۆفەق،٢٠٢٤، کۆکاری ئەدەبی مامۆستا ئازاد بابان، ب٢،چ١، چاپخانەی دانیشفەر، بێ شوێنی چاپ.

نورەدین، بوار،٢٠١١، ئەستێرەی سور، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

ابو عزله، المشیر عبدالحلیم،١٩٩٤، الحرب العراقیة الایرانیة ١٩٨٠-١٩٨٨، بدون مکان مطبعة.

Gunter,M Michael,1999,the Kurdish predicament in Iraq,New york

جبار، سرتیپ محمد،٢٠٢٤، ئاڵای شۆڕش (١٩٨٤-١٩٩٣)، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژو.

ڕەسوڵ، محمد ئەحمەد،٢٠٢١، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ناوچەی پشدەر لە نێوان سالانی (١٩٥٨-١٩٨٩)،ماستەرنامە، بڵاونەکراوە، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژو.

محمدئەمین، ڕزگار مستەفا، ٢٠١٦، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافییەکانی جێگیربونی پیشەسازی لە قەزای پشدەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا.

سەعید، محمد ئەحمەد-عومەر، مەهدی فاتح، ٢٠١٩، ئەنفال شوناس و ڕەهەندی مێژویی و دەرهاویشتەکانی، زانکۆی گەرمیان(گۆڤار)، ژ(١)، خ(٦).

ئەحمەد، سەرچڵ، ٢٠٠٦، شەهید فاروق ئەحمەد عەلی (دلێر)، قەڵادزێ(گۆڤار)، ژ(٥).

بەکرەجۆی، ڕێبوار، ٢٠٠٦، لە ساڵیادی کارەسات و ڕاپەڕینی بیست وچواری چواردا، قەڵادزێ(گۆڤار)، ژ(٣).

بێناوی نوسەر،١٩٨٢، (مساومە) لەگەڵ داگیرکەران یا لەگەڵ هێزە ناکۆک و جیاوازەکانی کوردستان؟، کۆمەڵە(گۆڤار)، ژ(٢)، خ(٢)، بێ شوێن.

زەریا، ١٩٨٢، ڕاپەڕینی قەڵادزێ و چەند سەرنجێک، کۆمەڵە(گۆڤار)، ژ(٥)، خ(٢).

سەنگەسەری، عوسمان، ٢٠٠٨، کورتەیەک لە مێژوی سەنگەسەر، پشدەر(گۆڤار)، ژ(٤).

سەنگەسەری، عوسمان،٢٠٠٨، لە یادی ٢٨ ساڵەی شەهید لەتیف عەبدولا ئیبراهیم، پشدەر(گۆڤار)، ژ(٦).

خەبات، عەلی، ٢٠٠٨، ڕۆژانی سەختی خەبات، چیا (گۆڤار)، ژ(٨).

خەلیفە، هاوژتن حسێن،٢٠١٢، ڕاگەیاندنی شۆڕش لەباشوری کوردستان(١٩٧٦-١٩٩١)، چیا(گۆڤار)، ژ(٤٦).

عارف، بارین ئەحمەد، ٢٠٠٩، ڕێکخستنە نهێنییەکان هەوێنی دروستبونی پێشمەرگەبون، چیا(گۆڤار)، ژ(٢٢).

عەبدولا، ئەمیر نامیق، ٢٠١٠، ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (١٩٧٥-٢٠٠٨)، چیا(گۆڤار)، ژ(٣٢).

نورەدینی، مەلا سمایل، ٢٠٠٨، ئەگەر مەلا مەحەمەد دەڵگەیی نەبوایە قەلادزی، ڕانیە و چوارقورنە لەجیاتی و بەرلە هەڵەبجە وەکو هەڵەبجە چاوەڕوانکراوبون، شمشارە(گۆڤار)، ژ(٤٤)،ڕانیە.

عوسمان، نەرمین، ٢٠٢٥، شاخە ژن، چۆن لە شۆڕشی نوێدا توانیمان تابۆکان بشکێنین؟ کوردستانی نوێ(ڕۆژنامە)، ژ(٩٤٢٥).

بەرنامەی هەڵۆکان،٢٠٢٣، تەلەفزیۆنی کەرکوک، چاوپێکەوتن لەگەڵ فایەق گوڵپی.

www.youtube.com/watch?v=8UCxvS-Jncc، ٢٠٢٥/١/١٥.

چاوپێکەوتن،٢٠٢٣، درەومێدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆ وەهبی

www.toytube.com/watch?v=X9nd9G6JE_k، ٢٠٢٥/٢/٣

بەرنامەی هەگبەی بیرەوەری، ٢٠٢٥، ماڵی کەلەپوری و ڕۆشنبیری قەڵادزێ، چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکل. ٢٠٢٥/٦/٢١.

https://www.youtube.com/watch?v=PjKCWC6w9CQ

## پەراوێزەكان

[1] كۆمەڵەی ماركس-لینینی كوردستان(كملک)، دوای زنجیرەیەک كۆبونەوە لە شاری بەغداد لە سەرەتای ١٩٧٠ دا، دواجار لە ١٠/حوزەیرانی ١٩٧٠ بڕیار لەسەر دروستكردنی كۆمەڵە درا، یەكەم دەستپێشخەریی بۆ ئەم كارە بە سەرپەرشتیی جەلال تاڵەبانی بە بەشداریكردنی (شەهاب شێخ نوری، فاضل مەلا مەحمود، فەرەیدون عەبدولقادر، فوئاد قەرەداغی، دلێر سەدیق و ڕەفعەت مەلا) ئەنجامدرا، كۆمەڵە ڕەنگدانەوەی بیری ماو تسی تۆنگی بو، لەماوەی شەڕی نێوان كورد و حكومەتی عێراق ١٩٧٤-١٩٧٥ بەشداریان كرد، لە دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول گەڕانەوە شارەكان و دەستیان دایە خەباتی نهێنی، لەگەڵ دامەزراندنی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان، كۆمەڵە بوە باڵێكی یەكێتی نیشتمانی كوردستان، لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەكداری لە ١٩٧٦ بە گرتینەوە كادیر و پێشمەرگەكانیان بەشدار بون، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٧٦-١٩٩١ چەندان شەهیدیان داو هەر لە ماوەیەدا دوچاری چەند ململانییەكی ناوخۆی بوەوە، شایەنی باسە لە كۆبونەوەی شێنێ لە ٥ی تشرینی دوەمی ١٩٧٨ لە گوندی شێنێ دەڤەری پشدەر بە ئامادەبونی (٢٠) كادیری كۆمەڵە ناوی گۆرا بۆ كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، لەیەكەم كۆنگرەی یەكێتی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٩٢ نەوشیروان مستەفا سكرتێری كۆمەڵە بریاری هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵەیدا و تێكەڵی ڕێكخستنەكانی یەكێتی بون.(فاتح،٢٠١٢: ١٤٥-١٥٥).

[2] دەڤەری پشدەر دەكەوێتە باكوری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانیەوە،١٧٥كم لە سەنتەری شاری سلێمانیەوە دورە، لە (٢٤٥) گوندی پێكدێت (محمدئەمین، ٢٠١٦: ٨-٩).

[3] عەبدولڕەحیم عەبدوڵا عەبدولڕەحیم: ناوبراو لەساڵی ١٩٤٩ لە گوندی میرزا ڕۆستەمی بناری چیای كۆسرەت لە دایكبوە، بە هۆی دروستكردنی بەنداوی دوكان خێزانەكەیان لە ناوەڕاستی ١٩٥٠كان گوازرانەوە ناحیەی سەنگەسەر، لەساڵی ١٩٧٢ ئامادەیی كشتوكاڵی بەكرەجۆ تەواو كردوە، لەو ساڵەدا پەیوەندی بە ڕیزەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە كردوە، لەدوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول چالاكییە ڕێكخراوەییەكانی لە ناوچەكەدا دەست پێكردوە، ڕێكخراوی ئاگری لەساڵی ١٩٧٦ دامەزراندوە، بەهۆی ئاشكرابونی ڕێكخستنەكان لە ساڵی ١٩٧٨ سەنگەسەر جێهێشتوە و چوەتە شاخ، دواجار لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی شاری تەقتەق لە شەوی ٢٧/ ٢٨ی ئایاری ١٩٨٧ شەهید بو.(ئەسەسەرد،٢٠٢١:١٤٣٤).

[4] سەنگەسەر(ناودەشت): ناحیەی ناودەشت كە مەركەزی ناحیەكە سەنگەسەری پێدەگوترێت، یەكێكە لە ناحیەكانی قەزای پشدەر سەر بە پارێزگای سلێمانی، لە ساڵی ١٩٢٦ فەرمانی بون بە ناحیەی بۆ دەرچوە، هەڵكەوتەی جوگرافیای كەوتۆتە بەشی باكوری ڕۆژئاوای پارێزگای سلێمانیەوە، هەتا ساڵی ١٩٧٠ سەر بە قەزای ڕانیە سەر بە پارێزگای هەولێر بوە، بەڵام لەو ساڵەدا خراوەتە سەر قەزای پشدەر، لە ئیستادا نزیكەی (٦٥) گوند لەخۆدەگرێت. (سەنگەسەری، ٢٠٠٨: ٤٥-٤٧).

[5] وریا قادر عەبدوڵا، ناسراو بە وریا سور، ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٤لە شاری كۆیە لەدایكبوە، لەساڵی ١٩٦٣ خێزانەكەیان هاتونەتە شاری ڕانیە، قۆناغی ئامادەیی لە شاری ڕانیە تەواوكردوە و دواتر لە فەرمانگەی پۆستە و گەیاندنی سەنگەسەر دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە كردوە، یەكێک بوە لە ئەندامانی ڕێكخراوی ئاگری، دوای چونە دەرەوەی عەبدولڕەحیم عەبدوڵا، وریا قادر ئەركی سەرپەرشتیكردنی ڕێكخراوەكەی گرتۆتەئەستۆ، لە نەورۆزی ١٩٨٢ دەستگیركراوە و لە مانگی ئابدا بەر لێبوردنی گشتی كەوتوە و ئازادكراوە، لە دوای یەک مانگ لە ئازادبونی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە كردوە، بوەتە ڕابەر سیاسیی لە تیپی ٩٩ بیتوێن، دواجار لە ١ی ئایاری ١٩٨٣ لە گوندی ڕەزگە شەهیدبوە.(عەبدوڵا(٢)، كاوە قادر: ٢٠٢٥)

[6] الشرارة: ئەو ڕۆژنامەیەیە ئۆرگانی حزبی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان بو، لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٩١ بە زمانی عەرەبی لە سوریا دەردەچو(٨٥) ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە. (خەلیفە،٢٠١٢: ٥٢).

[7] ئەو بڵاوكراوەیە ئۆرگانی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان بو، بە زمانی كوردی دەردەچو، لە سالی ١٩٧٦-١٩٩١ بلاوكراوەتەوە (٨٦) ژمارەی لێ دەرچوە. (خەلیفە،٢٠١٢: ٥٢).

[8] هەواڵنامە : بڵاوكراوەیەک بوە، یەكێتی نیشتمانیی كوردستان دەریكردوە یەكەم ژمارەی لە ئایاری ١٩٧٨ دەرچوە، كە زیاتر ڕوداو چالاكییەكانی هێزی پێشمەرگەی تێدا بڵاوكراوەتەوە، قۆناغی یەكەم ژمارە (١-٥) دەگرێتەوە كە نەوشیروان مستەفا سەرنوسەری بوە، ماوەی ئایاری ١٩٧٨ بۆتەمموزی ١٩٧٩ دەگرێتەوە، لە ژمارە (٦) ەوە مەكتەبی ڕاگەیاندن ئەركی دەركردنی گرتۆتەئەستۆ، تا حوزەیرانی ١٩٨١ بەردەوام بوە، لە ١٩٧٨تا ١٩٨١ (١٥) ژمارەی لێ دەرچوە.(ئەحمەد،٢٠١١: ٣-٤؛ عەبدوڵا،٢٠٠٨: ١٠).

[9] فاروق ئەحمد عەلی لە ساڵی ١٩٤٤ لە قەڵادزێ لەدایكبوە، لە ساڵی ١٩٦٠ چوەتە ڕیزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان، لە ساڵی ١٩٦٥ بوەتە فەرمانبەر لە شارەوانی سلێمانی و سەرپەرشتی بەشیكی ڕێكخستنەكانی فەرمانبەرانی كردوە، لەساڵی ١٩٧٠ بوەتە كارگێری ناوچەی قەڵادزێ، لە ساڵی ١٩٧٤ لە ڕێگەی خاڵە شەهابەوە پەیوەندی بە ڕیزەكانی (كۆمەڵە)ەوە كردوە، لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتە قەڵلدزێ و وەک فەرمانبەر لە فەرمانگەی كارەبای قەڵادزێ دەستبەكاربوە، لەو كاتەدا سەرپەرشتی ڕێكخستنە نهێنیەكانی (كۆمەڵە)ی كردوە لە پشدەر و بیتوێن، لە گەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕش بە ڕێبەرایەتی(یەكێتی نیشتمانیی كوردستان) پەیوەندی بە سەركردایەتیەوە كردوە، چالاكانە كاروباری ركخستنەكان لە ناوچەكەدا ڕاپەڕاندو، لە ٢٤ی ئەیلولی١٩٨٤لە لایەن حكومەتی عێراقەوە بە پلانی دارێژراو لە قەڵادزێ شەهید كراوە.(ئەحمەد، ٢٠٠٦: ٢١)

[10] لەتیف عەبدوڵا ئیبراهیم، لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی میرزا ڕۆستەم لە بناری كۆسرەت لەدایكبوە، لە كاتی دروستكردنی بەنداوی دوكان دانیشتوانی گوندەكەیان بۆ سەنگەسەر ڕاگوازراون، لە ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٤ بۆ مەبەستی خوێندن بۆ كۆیە چوە، لەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ جەعفەر عەبدولواحید پەیدا كردوە، ئاشنای بیری كۆمەڵە بوە، خوێندن تەواو ناكات و گەڕاوەتەوە سەنگەسەر، لە سەروبەندی بڵاوبونەوەی دەنگۆی شۆڕشی كورد بە ڕێبەرایەتی (یەكێتی نیشتمانیی كوردستان)، لە٢٦ی ئابی١٩٧٦ بۆ بناری قەندیل بۆناو ڕیزەكانی پێشمەرگە چوە، لە ماوەیەدا هەم لەناو پێشمەرگە هەم لە گوند و ناوشاردا خەریكی كاری ڕێكخستن بوە، چەند جارێک گەڕاوەتەوە ناوشار سەرەنجام لە **٢٠/كانونی دوەم/ ١٩٨٠** لەلایەن مەفرەزەیەكی جاشەوە لە بەستەستێن دەستگیركراوە، لە شەوی ٢٤-٢٥ی تشرینی دوەمی١٩٨٠ لە زیندانی موسڵ لە سێدارەدراوە. (حەمەبۆر، ٢٠١١: ١١١-١١٤؛ سەنگەسەری، ٢٠٠٨: ٦٠)

[11] ئۆردوگای بەستەستێن یەكێكە لە ئۆردوگا زۆرەملێكانی ناوچەی پشدەر كە لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨ لە لایەن حكومەتی عێراقەوە دروست كرا، دانیشتوانی گوندەكانی (سێوەیس، شێخان،گردەئێستر،كوزینە، شناوە، مارەدو، دەشتێوان، توتمێ، دوچۆمان، كوڵكوڵە، سورەگڵەی سەرو، سورەگڵەی خواردو، ڕەزگە، بەستێ، بەلک، سپێرۆ، زودان، ئاڵیەڕەش، زێوكە، سەخان، دەرگەڵە، دێڵۆ، باداوا، مێردكە، ئەمەركاكۆڵ، مامەندە)، بناری قەندیلی بۆ گواستەوە، كە خەڵكەكەی بە كاری قاچاخچیێەتی بۆ ئێران ناسرابون.(محمد،٢٠١٥: ٦٤).

[12] شانە :یەكەیەكی بچینەی یە، بنكەی جەماوەری و ڕەگی كۆمەڵەیە لەناو كۆمەڵانی خەڵكدا. (كۆمەڵەی ڕەنجدەران،١٩٨١: ١٤).

[13] مەبەست لە ئەڵقەی ڕۆشنبیری ئەوە بو، پێش دامەزراندنی كۆمەڵە لە ساڵی ١٩٦٨ پلانێكی تایبەت هەبو بۆ چۆنیەتی ڕێكخستن لەناو خەڵكدا، سەرەتا پەیوەندییان بەو كەسانەوە دەكرد، كە متمانەیان پێیان هەبو لێیان دڵنیابون كە لە پەیڕەوانی چەپ و بەو جۆرە لێیان نزیک دەبنەوە و پێیان دەگوتن "ئێمە چەند برادەرێكین بۆ

خۆمان دەخوێنینەوە، هەربۆیە نایەیت لەگەڵمان بخوێنیتەوە و خۆمان بەو بیرەباوەڕە پەروەردە بکەین"، بەو جۆرە ئەم کەسانە دەخرانە شانەیەکەوە پێی دەگوترا (ئەڵقەی ڕۆشنبیری)، بۆ ئەم شانانە بەرنامەی ڕۆشنبیری تایبەت هەبو، کە زیاتر پشتی بە سەرچاوەی بیری ماو تسی تۆنگ دەبەست، کە سەرەتا بە نامیلەکەی (قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵ و شیکردنەوەی چینایەتی لە کۆمەڵگەی چینیدا) دەستپێدەکرد، چەند مانگێک لەگەڵی خەریک دەبون، تا بە تەواوەتی دڵنیا دەبون لە ئاستی هۆشیاریی و پابەندبون بە دڵسۆزی ئەو کەسە پاشان پێیرادەگەیەنرا کە ئەوان سەرقاڵی ڕێکخستنی نهێنین و پەیڕەو پرۆگرامی کۆمەڵە ی بۆ دەخوێنرایەوە، بەم شێوەیە ئەو کەسە دەبوە پاڵێوراو بۆ ئەندامبون لەناو کۆمەڵەدا.(عەبدوڵا،٢٠٢٤: ١١٢).

[14]بۆ زانیاری دەربارەی شەڕی عێراق- ئێران بروانە، المشیر عبدالحلیم ابوغزلە: الحرب العراقیة الایرانیة ١٩٨٠-١٩٨٨، بدون اسم مطبعة،١٩٩٤. (ابوعزلە،١٩٩٤: ٨٧).

[15] گوندی باوزێ یەکێکە لە گوندەکانی قەزای پشدەر لە ڕوی کارگێرییەوە سەربە ناحیەی ئیسێوە لە قەزای پشدەری ئیداری ڕاپەڕین لە پارێزگای سلێمانییە، ئەم گوندە بە دوری (٣٤) کم کەوتۆتە خۆرهەڵاتی شاری قەڵادزێ، لە باشور هاوسنورە لەگەڵ ناحیەی ئیسێوە و گوندی چەکوان، گوندی ئەشکەنە کەوتۆتە باشوری خۆرهەڵاتی، لە خۆرهەڵات گوندەکانی(ذۆڵەبی، سورەچۆم و قەلەڕەشێ) لە بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان، لە باکوری خۆرئاوا گردەشیخاڵ و ئەحمەندە و لە خۆرئاواش گوندی بێناسەیە(مارف،٢٠٢٣: ٢٣؛ مارف، ٢٠٠٦: ٤١).

[16] گوندی ئاوەژێ یەکێکە لە گوندەکانی بناری ناوچەی مەرگە، سەر بە ناحیەی بنگردی قەزای ڕانیەی پارێزگای سلێمانییە و کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی بنگرد بە چەند کیلۆمەترێک لە بناری شاخی کوریس هەڵکەوتوە، گوندەکە کەوتۆتە شوێنێکی بەرز و دەڕوانێت بەسەر دەریاچەی دوکاندا.(میراودەلی،٢٠٢٤: ٤٣)

[17] گۆڕەشێر گوندێکی کوردستانی ئێران بو لەوبەری گوندی شێنێ بەرامبەر سەرکردایەتی(ینک) لە سەر سنور، نزیکەی کاتژمێرێک لە شاری قەڵادزێوە دورە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە. (عەبدولڕەحمان-ئەحمەد، ٢٠١١: ٢٩)

[18] ئاڵای شۆڕش ئەو ڕەوتە فکریە بو لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دروستبو، سەرەتای کەڵێنی ئەم جوداخوازیە بۆ دوای شەهیدبونی ئارام لە٣١ی کانونی دوەمی١٩٧٨ دەگەڕێتەوە، لە کۆنفرانسی دوەم و سێیەمی کۆمەڵە لە ١٩٨٢ و ١٩٨٤ دا مەودای نێوان گروپە ناکۆکەکانی کۆمەڵە زیاد بو، هەرچەند بەگوێرەی بەیاننامەی دامەزراندنی ئەم گروپە ٢١ی تشرینی دوەمی ١٩٨٤ ڕۆژی دامەزراندنی ئاڵای شۆڕشە، بەڵام مەلا بەختیار پێی وایە"دامەزراندنی ئاڵای شۆڕش بۆ پیش کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە ١٩٨٤ دەگەڕێتەوە"، هەستکردن بە گەورەبونی ئەم ڕەوتە نیگەرانی لای سەرکردەکانی کۆمەڵە و یەکیتی لێکەوتەوە هەندێک هەوڵدرا بۆ یەکگرتن و لەیەکگەیشتن، بەڵام سەرکەوتو نەبون، بۆیە دواتر بە ڕەزامەندی جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری گرتنی ئەندامانی باڵای ئاڵای شۆڕش هەر یەکێک لە (مەلا بەختیار، پشکۆ نەجمەدین و شێخ عەلی)درا، لە شەوی ٢/١-تشرینی دوەمی١٩٨٥ مەلابەختیار و پشکۆ نەجمەدین دەستگیرکران، مەلا بەختیار تا ساڵی ١٩٨٩ ئازاد نەکرا، دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩٢ ئاڵای شۆڕش یەکەمین کۆنفرانسی خۆی بەست و ناویان گۆڕی بۆ کۆمەڵەی سۆسیالیستی کوردستان، دوای لەگەڵ زەحمەتکێشان یەکیانگرت و لە شوباتی ١٩٩٢ دوای (١٧) مانگ بە پێی ڕێککەوتن گەڕانەوە ناو یەکێتی و کۆتایی بەو ڕەوتە هات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (جبار،سرتیپ محەمەد، ٢٠٢٤).

[19] سەرچیا لوتکەیەکە لە زنجیرە چیای ئاسۆس، ڕێگای پێشمەرگە بو لە دیوی پشدەرەوە بۆ دیوی مەرگە،بە سەر هەردو دیوی پشدەر و مەرگەدا دەڕوانێت، کەرتەکانی تیپی (٦٣)ی جوتیاران دەبو شەوان لەوێ ئێشکگری بگرن. (ڕازانی، ٢٠٢٣: ٨٤).

[20] ئەنفال: زنجیرەیەک شاڵاو و پەلاماری چڕ وپڕی سەربازی بو،کە سەرجەمیان هەشت قۆناغ بو، لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاوازدا بەرێوەچو، لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دەستپێکرد تا ئەیلولی هەمان ساڵ، فەرماندەی گشتی هەڵمەتەکە لە دەستی نوسینگەی باکوری ڕێکخراوی حیزبی بەعسدا بو، کە بنکەی لە شاری کەرکوک بو، لە مارتی ١٩٨٧ بە دواوە لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە سەرپەرشتی دەکرا، لەو تاوانە گەورەیەدا نزیکەی (٢٠٠٠٠٠) دو سەد هەزار خەڵکی سڤیل بەبێ جیاوازی ئاین و ڕەگەز و زمان بێ سەروشوێن کران. مەحمەد ئەحمەد سەعید، مەهدی فاتح عومەر: ئەنفال شوناس و ڕەهەندی مێژویی و دەرهاویشتەکانی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ(١)،خ(٦)، پوشپەر ٢٠١٩، ل١٣٩. (سەعید، محمد ئەحمەد-عومەر، مەهدی فاتح ،٢٠١٩: ١٣٩)